YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

No.60.May2024 | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | ژمارەی ٦٠ی ئایار ٢٠٢٤

# بەرداشی تەوتین و هەژماری من

**یادنامە**


عێراق وەک دەوڵەت و عێراقی وەک هاوڵاتی و هاونیشتمانی لە دەستوری عێراقیدا بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی ماف و ئەرکی دیاریکراوە ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئایا مافی عێراقی بێ جیاوازی لەسەروی ململانێی سیاسی و نەتەوەیی و هەرێمی فیدراڵی دابین کراوە ، تا ئێستا هەرێم و بەغداد هاوڵاتی و عێراقی وەک کارتی گوشاری دانوستان بەکار دێنن ، لەم نێوەندەشدا بۆ زۆر دۆسیە عێراقی باجی قورسی ململانێکانی داوە ، هەر لە کێشەی سامانی سروشتی و سنور و ناوچە جیناکۆکەکان و سۆمۆ و کۆمۆوە تا دەگاتە هەژماری من و تەوتین ، ئەوەی ڕونە لە ئێستادا دوای ڕوخانی خەونی دوو دۆسیەی گرنگی هەرێم ( ڕیفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ) هەرێم بە ناچاری و لە شکستدا ڕووی لە بەغداد کردوە ، دوای شکستی دوو دۆسیەکە لەژێر گوشاری وڵاتانی ناوچەیی و جیهانیدا تەسلیم بە بەغداد بوە ، ئەوەی کورد دەتوانی وەک عێراقی و دواکارت شەڕی پێبکات دەستورە کە مافەکانی عێراقی دابین کردوە ، لەم ڕوانگەیەوە هەژماری من یەکێکی ترە لەو هەڵە ستراتیژیانەی کورد لە عێراقدا دەیکات واتا درێژکراوەی هەمان هەڵە مێژووییەکانە تا دەگاتە کێشەی بانکی ، کە دەبو لەبری سەنگەر گرتن لە توتین داوای بکردایە لە ڕێی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە ببوایەتە بەشێک لە سیستەمی بانکە حکومییەکان ، لە نێوان بەرداشی هەژماری من و تەوتیندا هاوڵاتی بوتە کارتێک و بە پێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی هەرێم کێشە دروست دەکات ، ئەوەی گرنگە هاوڵاتی نەبێتە کارتێک بە دەست ململانێی سیاسی نێوان هەرێم بەغداوە و موچەی موچەخۆران حکومی بێت نەک ئەهلی ، کێشەی هەرێم لەوەدایە تا ئێستا بانکی حکومی وەک ناوەند نیە کە سەر بە سستەمی بانکی ناوەندی بێت ، دواجار هاوڵاتی عێراقی دەیەوێ مافی موچەی بەدەر بێت لە کێشەی هەژماری من و داهاتە نانەوتییەکان و تەوتین و بانکەکانی تی بی ئای و ڕافیدەین و ڕەشید ، موچە ببێتە حاکمیەت و نیشتمانی و لەسەروی ململانێکانەوە بێت و کۆتایی بەم کێشەیە بێت.




# باس باسی کاکە نەوەیە



دوعای ئەهریمەن گیرابوو
کۆچ وا ناوادە و خێرا بوو
ئەمڕۆ ئەڵێی ئەو ڕۆژەیە
یوسفی حەق لە بیرابوو
تۆ بۆ شۆڕش ئەقڵ و دیدەی
بەخششی زۆر مابوو بیدەی
پەردەی خامۆشی بدڕێنە
قسەی ترت مابوو بیکەی
تۆ بێ دەنگ بی ئەی کێ بدوێ؟
تۆ هەڵوەرێی ئەی چی بڕوێ؟
لەناو ئەم گەلەگورگەدا
شوان چۆن ئەنوێ؟
ڕۆح سوک وەک پێشمەرگەی جاران
ڕۆشن وەک پەیامی باران
وەرەوە ناو ماڵی دڵم
ئەی خۆشەویستی هەژاران
ئای چەند ڕۆحێکی گەورەیە
هەموو گردێک زەرگەتەیە
هەتا چەوساوەیەک مابێ
باس باسی کاکە نەوەیە



**د.شێرکۆ عەبدوڵا**

هونەری گەیشتن بە پلەی پرۆفیسۆرێتی ... ل٢
ژیان هەوڵدانی بەردەوامە بۆ گەیشتنە ئامانج ... ل١١
ئەشکەوتی شانەدەر ... ل٣
تیشکێک لەسەرتاقیکردنەوەکان ... ل١٢
هۆکارەکانی شکستی دەسەڵاتی کوردی ... ل٦
١٣ هەناسە شیعری ... ل١٣
کچۆڵەیەکی سێ ساڵان بوو بە بچووکترین نووسەری جیهان ... ل٧
چەمکی (نائومێدبوون) لای شاعیرانی کوردوچەند نموونەیەکی شیعریی ... ل١٤
سەما لەگەڵ فڵچەکەم ... ل٨
گوێچکە، ئەندامە فەرامۆشکراوەکەی تاکی کورد! ... ل١٦
زیاتر لەهیچ ... ل٩
چەتەی تارمایی ... ل١٧
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٠



# هونەری گەیشتن بە پلەی پرۆفیسۆرێتی (دیدێکی کۆمیدی بۆ سێ پاڵەوانی توێژینەوە)

ن: د.کامەران محەمەد

لە جیهانی ئەکادیمیادا، هاوکاریی زانستی لە سەمفۆنیایەکی جوانی ڕێکخراو دەچێت، توێژەران بۆ دروستکردنی تێکەڵەیەکی هاوسەنگ لە هزر و زانین کۆدەبنەوە. بەڵام وەک لە هەر ستافێکدا، هەمیشە چەند سۆلۆیستێکی دەرچوو لە ڕیزدا هەن، کە هەوڵی ڕفاندنی نمایشەکە دەدەن. سێ (پاڵەوان!)ی توێژینەوە چوونە ناو دەستەکەوە، کە سێ مامۆستای زانکۆ بوون! شێوازێکی بێوێنەی (هاوکاری ئاکادیمیی)ان داهێنا! تەنها دەتوانرێت بە ناتەقلیدیی و تەواو کۆمیدیی وەسف بکرێت !سێ مامۆستای توێشودار بە هەڵپەکردن و ئارەزووی هاوبەش بۆ لێهاتوویتی، بڕیار دەدەن دەست بە گەشتێکی توێژینەوە بکەن. لەبری ئەوەی هەریەکەیان بەشداری لە هەمان پرۆژەدا بکەن، ستراتیژییەکی ناوازەتر و بێوێنەیان هەڵبژارد. یەکێکیان دەبێتە پاڵەوان (توێژەر)ە سەرەکییەکە، کە قورساییەکە بەرزدەکاتەوە، دوو کەسەکەی تریش لە دوورەوە دەبنە هاندەر و چەپڵەی بۆ لێدەدەن .بەڵام لێرەدا ڕۆڵی کۆمیدییا دێتە ئاراوە. کاتێک پاڵەوانە سەرەکییەکە توێژینەوەکەی تەواوکرد، بە میهرەبانییەوە دوو هاوڕێکەی بۆ ئاهەنگی شیرینی خواردنی تەواوکردنەکە بانگهێشت کرد! بەڵام شیرینییەکە ئەوەندە تایبەت بوو، کە (حەلەبییش) بەتۆزی پێی ڕانەدەگەیشت! ئەوەبوو ناوی هەردوو هاوڕێکەی لەپاڵ ناوی خۆیدا خستەسەر توێژینەوەکە! ڕێک وەک ئەوەی ئەوانیش لە کتێبخانە و بەسەر کۆمپیوتەرەوە شەونخونییان کردبێت! بۆیە بە پەرۆشەوە تێبینییان لەسەر توێژینەوەکە دەنووسی! سەردەمێک ئەوە پرۆژەیەکی توێژینەوەی یەک کەسیی بوو! بەڵام ئێستا هی سێ نووسەری هاوبەشە !خۆشییەکان هەر بەوەوە نەوەستان! لە بواری ئەکادیمییدا، گەیشتن بە پلەی پرۆفیسۆریی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی توێژینەوەوە بەدیدێت. لەبری ماندوبوون و شەونخونیکردن بۆ بەرهەمهێنانی شەش توێژینەوە بەتەنها، کە مەرجی بەدەستهێنانی ئەو نازناوەیە، سێ پاڵەوانەکەمان بڕیاریان دا ستراتیژی (پەرتکە و زاڵبە) بەکاربهێنن. واتە هەریەکەیان دووتوێژینەوە دەنووسن و بەوپەڕی بەخشندەییەوە ناوی دوو کەسەکەی دیکەیانی بۆ زیاد دەکەن !ئەنجامەکە؟ هەریەک لەو سێ (پرۆفیسۆر)ەی داهاتوو! لە کۆتاییدا شەش توێژینەوەیان خستە ناو جانتاکەیانەوە، نەک هەژدە توێژینەوەی چاوەڕوانکراو. ئەمە ڕێک وەک پلانی پۆنزی ئەکادیمی جادوویی وایە، واتە کەمترین کارکردن بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگۆڕێت بۆ سەرکەوتنی زیاتر .ئەوە باسی سوودە داراییەکانی ئەم پلانە داهێنەرە هەر مەپرسە! لەبری ئەوەی هەریەکەیان پارە بۆ شەش پرۆژەی توێژینەوەی جیاواز تەرخان بکات، تەنها تێچووی دوو پرۆژەیان لە ئەستۆ گرت! واتە ئەوان وەک ئەوەی (خەبیر)ی بواری ئابووری و دارایی بن، لەم پرۆسەیەدا پارەی دوانزە توێژینەوەیان بۆ گەڕایەوە! بەڕاستی دەبێت دەوڵەت سوود لەم عەقڵە گەورانە وەربگرێت! چونکە لەلایەکەوە دەتوانن بە کەرەستەی سەرەتایی دەستکەوتی گەورە بەدیبهێنن و لەلایەکی دیکەشەوە لەسەردەمی قەیرانە ئابوورییەکاندا دەتوانن بە کەمترین خەرجی زۆرترین بەرهەم بەدەست بهێنن! بەڕاستی سێ پاڵەوانەکەی ئەکادیمیا لە هونەری (هاوکاری ئەکادیمی)دا پرۆفیسۆر بوون !دواتر ناوبانگی بەدەستهێنانی ئەم نازناوە زانستییەیان (واتە پرۆفیسۆرێتی) لە تەواوی ئەکادیمیای مەملەکەتەکەدا دەنگی دایەوە و سەرۆکی ئەکادیمیای دەوڵەت خۆی خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشین، ئەوانیش شەرەفی بەشداریکردن لە پێشخستنی ئاستی زانستی ئەکادیمیا بە توێژینەوە داهێنەراکانیان بڕا !لەکاتێکدا ئێمە بەم بلیمەتییە ئەکادیمییە پێدەکەنین، زۆر گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین، کە (پاکیی توێژینەوە) و (هاوکاری ڕاستەقینە) بەردی بناغەی پێشخستنی زانینی مرۆڤایەتین. لە کاتێکدا ئەم کارە کۆمیدییە لە هاوکاریدا، ڕەنگە زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێومان، بەڵام وەک بیرخستنەوەیەک کە بەدواداچوون و گەڕان و توێژینەوە هەمیشە دەبێ لەسەر بنەمای (ڕەسەنایەتی) و (کۆشش) و (پێوەرە ئاکارییەکان) بێت .کەواتە، باپێکەوە سڵاو لە (سێ پرۆفیسۆر)ەکەی توێژینەوە بکەین، بۆ داهێنانەکانیان، بەڵام با دەستیش بە سنگەوە بگرین بۆ ئەو توێژەرانەی کە بەئەمەک و ڕاستگۆیانە لە جیهانی ئەکادیمییدا پشکداریی ڕاستەقینە دەکەن. جا لە ئۆرکێسترای گەورەی زانستدا، هەم شاهێدی بینینی پرۆفیسۆری کۆمیدی و هەم بەهرەمەندە ڕاستەقینەکان دەبین، بۆ ئەوەی بتوانین (سەمفۆنیای پێشکەوتن) دروست بکەین!!

## بۆ باوکم
## ( پێشکەشە بەباوکم )
## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی




ئاخ! بابەگیان کەدەبینم ڕەوتی ژیان
ئاسودەیی لێکردویتە ئازارو ژان
کەساڵنامەی تەمەنی تۆ هەڵکشاوە
لق و چڵی داری گەنجیت واشکاوە
بمتوانیایە لەدەمارتا دەبوم بەخوێن
تاسارێژکەم ئەو زامانەی کەپڕلەسوێن
هێزوتواناى خۆم پێدەدای،تاوەک جاران
بمبەیتەوە بۆسەیرانێکی ناوداران
دەمن چیبکەم؟هەتاخەم لەدڵت دەرکەم
گۆچانێکبم لەناودەستا ڕێت پێبکەم
دەمن چیبکەم !؟ کەنەتوانم هەناسەبم
بچمە گەروت ،تابۆ سینەت هەناسەبم
حەزمدەکردئەوئازارەی کەتۆهەتبوو
ئاوێزانی گیانی منبێ،خۆچی؟ دەبوو
خۆزگە هێز لەئەژنۆکانی من نەمایە
بۆ پێگرتن دارە دارەت پێکردمایە
تۆهەرباوکە بەسۆزەکەی جاران دەبوی
منیش هەروەک مناڵیەکەی خۆم بومایە.



# ئەشکەوتی شانەدەر

## شوێنەوارێک لە پارێزگای هەولێر



ئەشکەوتی شانەدەر ئەم ئەشکەوتە لە باکووری ڕۆژاوای کێوەکانی زاگرۆس، لە هەرێمی کوردستان هەڵکەوتووە، خاوەن کۆمەڵێک ئاسەواری کۆنی نەناسی زۆر پاراو لە چاخی کۆن بەردی ناوەندی هەتا دواییەکانی نوێی بەردییە. ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە قەزای مێرگەسۆر و سەر بە پارێزگای هەولێرە. ٢٢٠٠ پێ بەرزە لە ئاستی ڕووی زەریاوە، دەکەوێتە سەر بەرزایی لووتکەی چیای برادۆست و مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن بۆ ٨٠٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین و بە کۆنترین و گەورەترین ئەشکەوت دادەنرێت لە عێراقدا. لە بەرزایی (١٨ م) و درێژایی (٤٠ م) و پانایی (٢٧ م) کە فراوان دەبێت بۆ ناوەوە تا دەگاتە نزیکایی (٦٠ م). لە ساڵی ١٩٥١ تا ١٩٦١ هەڵکۆڵینی سەرەتایی تێدا کراوە لەلایەن زانا (ڕالف سولیکی) بە پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لەو کاتەدا، ئەم هەڵکۆڵینەش تەواو نەکراوە و لە ئەنجامی ئەم هەڵکۆڵینەش چوار چین دۆزراوەتەوە.

دۆزینەوەی کۆمەڵێک ئێسکی مرۆڤەکانی نیاندەرتاڵ لەم ئەشکەوتە، وەک خاڵێکی گرینگ ڕەچاودەکرێ لە لێکۆڵینەوەکانی چاخی کۆن بەردی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم دۆزرانەوەیە ڕەنگ دانەوەیەکی زۆری هەبوو بوو: تا ئەو ڕادەیە کە نیوی شانەدەر بۆ کۆنینەناسەکان و تەنانەت بۆ خەڵکی ئاسایی و بیر هێنەرەوی نیاندەرتاڵەکان بووە و هەیە؛ بەڵام دەسکەوتەکانی شانەدەر تەنیا تایبەت نییە بە ئاسەوارەکانی چاخی کۆن بەردی. بڵاوبونەوی کتێبی «گۆڕستانی سەرەتای نوێی بەردی شانەدەر» لەلایەن سولکی و هاوکارانی نیشان دەری ئەو ڕاستییەیە کە ئاسەوارە کۆنینەناسییەکانی دوای چاخی کۆن بەردیش، زۆر شتی هەبوو گوتن پییە. ئەم کتێبە بریتییە لە دەسکەوتی لێکۆڵینەوی ئاسەوارەکانی گۆڕستانی توی (ب١)ی سەردەمی سەرەتای نوێ بەردی کە لە دوایین ڕۆژەکانی کۆتایی وەرزی دەرکەوتنی زانستی (١٩٦٠) لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرایەوە.

گۆڕستانی ناو براو لە قووڵایی یەک مەتری لە بنی ئەشکەوتەکە بە درێژایی و پانایی ٦×٦ مەتر لە لای سەرەوەی ئەشکەوتەکە دیتراوەتەوە کە لە ئەنجامی ئەم هەڵکەندنەدا ٢٦ گۆڕ بریتییە لە جەستەی ٣٥ مرۆڤ و دوای پشکنینێکی زۆر بۆ مردووەکان دۆزراوەتەوە.

مردووەکان زیاتر بە شێوەی گرمۆڵە و وەک منداڵ لە نێو سکی دایک دا نێژرابوون و زۆربەی هەرە زۆریان منداڵی ساوا و منداڵی گەورەتر بوون. تەواوی گۆڕستانەکە بە توێژێک لە گڵە سوورە و زیخی زەرد داپۆشرابوون. نزیک لە نیوەی گۆڕەکان کەرەستەی مردوانیان لەگەڵ بوو کە بریتین لە: شتی ڕازێنەرەوە، هێلکە شەیتان، کەرەستەی سازکراو لە ئێسکان، دەستاری بەردی و یەک ملوانکەی مسی. بوونی ئەم شتە مسییە، ڕەنگە نیشاندەری بوونی جۆرێک پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ئاناتۆلی بێت. ئەم کۆمەڵە ئیسکلیتی مرۆڤە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٢ بە شێوەیەکی سەرەتایی لەلایەن «خوان مۆنیزاگا» لە مزەخانەی بەغدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا. «دنیس فرەمباخ»، مرۆڤ ناسی لەش، لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ دووەم جار بە سەر ئەم کۆمەڵە لاشەیەدا چووە کە ڕاپۆرتی ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە گۆڤاری «سومیر» بڵاوکرایەوە (١٩٧٠). «ئاناگنوستیس ئاگلاراکیس» ئەم لاشە مرۆڤانەی وەک بەشێک لە تیزی پلەی دکتۆرای خۆی هەڵبژارد و ساڵی ١٩٨١ بە سەریان دا چووە و لێکۆڵینەوی لە سەریان کرد. ئاگلاراکیس لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی دا سەرنجی زیاتری دا بە خەسارناسی لاشەکان و بەرنامەی خۆراکی مرۆڤەکانی شانەدەری لەگەڵ کۆمەڵگەی سەرەتای نوێ بەردی «چیای خەزینە» هەڵسەنگاند کە لە ڕۆژهەڵاتی کرماشان دەسکەوت بوون. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ئاگلاراکیس، دانیشتووانی سەرەتای نوی بەردی ئەشکەوتی شانەدەر لە سەردەمانێک دا تووشی گرفتی بژێووی هاتوون و ئاسەواری ئەم کەم بژێوییە لەسەر لاشەی منداڵەکان دەبینرێ. ئاسەواری ناسی زۆری ددانەکانی پێشی مرۆڤەکان، تەنانەت لە لاشەی لاوەکان دا نیشانگەری بوونی خواردەمەنی وشک و میوەی توێکل دارە لە بەرنامەی بژێوی ئەو خەڵکەدا.

ئازمایشی «ئیزوتوپ»ی ئەنجام دراو لەسەر «کلاژن»ی دەرهێنراو لە شەش لاشە، زانیارییەکی ڕوونترمان لە بەرنامەی بژێوی دانیشتووانی سەرەتای نوێ بەردی شانەدەر لە یازدە هەزار ساڵ پێش دا، دەخاتە بەردەم. بە گوێرەی ئەم دەسکەوتانە گیا، گیای ڕوەک و میوە بەشی هەرە زۆری خواردنی ئەوانە. بوونی ژمارەیەکی زۆر دەستاری بەردی، بوونی ئەم جۆرە بژێوییە کە بریتییە لە گیا و نیوکی ویشکی گیاکان بێت، ڕادەگەیێنێت.

سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی نیو سەدە لە نێوان دەرکەوتنی زانستی ئەم گۆڕستانە و بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتە زانستییەکەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانە زانستێکی شیاوی سەرنج ونوێ لەسەر بارودۆخی لەش، نەخۆشییەکان، جۆری ژیان، چۆنێتی ئاسەوارە مادییەکان و تەنانەت بیر و ڕای کۆمەڵگای سەرەتای نوێ بەردی ئەم بەشە لە زاگرۆس دەخاتە بەر دەم.

بڵاوکرانەوەی ئەم کتێبە لەسەر دەسکەوتەکانی ئەشکەوتی شانەدەر پێداگری گرتن دووبارەیە لەسەر گرینگی ئەم شوێنە لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوکانی شوێنەوار ناسی بەر لە مێژووی کوردستان. بێ شک دەسپێکردنی دووبارەی لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوار ناسی ئەم ئەشکەوتە بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیک و شێوازی مۆدێرن، بنچ و بنەوانە تاریکەکانی دیکەی ڕابردووی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.


### شانەدەری ١

دەستکاری


پاشماوەی شانەدەری ١ پیاوێکی نێردەتاڵ بوو کە بە «ناندی» ناسراوبوو لەلایەن دۆزەرە هەڵکۆڵەرەکانییەوە و تەمەنی لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٥ ساڵان دەبوو کە بە تەمەنێکی زۆر دادەنرێت بۆ مرۆڤی نێردەتاڵ. پیاوی (شانەدەری ١) قەبارەی کەلەسەریی ١٦٠٠ سم٣ بوو، بەرزی باڵای ١٧٠ سم بووە و هەروەها جەستەی شوێنەواری شێواندنێکی سەختی پێوە دیاربووە. یەکێک بووە لەو چوار ئێسکەپەیکەرەی بەشێوەیەکی تەواو دۆزراونەتەوە لە ئەشکەوتەکەدا کە ناڕێکی تاسانی دەروونییان پێوە دیاربووە و لە باری پیاوی شانەدەری ١ دا بە ڕادەیەک ناڕێکییە دەروونییەکە سەخت بووە کە بووەتە هۆی ئازار پێ گەیاندنی بەشێوەیەکی ڕۆژانە.[١]

نوێترین شیکاری شانەدەری ١ لەلایەن ئێریک ترینکاوس پرۆفیسۆری زانکۆی واشنتۆن و سباستیان ڤیلۆت دکتۆر لە (ناوەندی نەتەوەیی فەرەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی) پشتڕاستی دەکەنەوە کە گەشەکردنی پێکهاتەی شێوەی ئێسکی لە ڕێڕەوی گوێچکەی دا بووەتە ئەنجامی لەدەستدانی توانای بیستن بەشێوەیەکی سەخت. گەشەکردنی ئەم پێکهاتە ئێسکییە پیشاندەری دیاردەی (گەشەکردنی بە ئێسکبوونی نەزانراو - Of Diffuse Idiopathic Skeletal Hyperostosis - DISH) کە بە نەخۆشی فرۆستییەر ناسراوە.

ئەم دەستنیشانکردنە وا لە شانەدەری ١ دەکات ببێتە کۆنترین نموونەی (هۆمینین - Hominin) بەڕوونی پیشاندەری ئەم بارەیە و لێکۆڵەران پێکهاتە گەشەکردووە ئێسکییەکانیان لە چەندین شوێنی ئێسکەپەیکەرەکەدا دۆزیوەتەوە.[٢]







لە ئەنجامی چاکبوونەوەی برینەکانی، شانەدەری ١ توانیوییەتی مەودایەکی کاتی باش بژی پێش مردنی و ئەگەر مرۆڤە نێردەتاڵەکان توانای ئەنجامدانی نەشتەرگەریان هەبووبێت لەسەر شانەدەری ١ ئەوا دەیسەلمێنێت کە ڕێگاکانیان سەرکەوتوو بووە لە هێشتنەوە و پاراستنی ژیان دا. ئەگەر وا دابنرێت لەو مەودا کاتییەدا هەموو برینەکانی چاکبوونەتەوە ئەوا دەکرێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم تاکە (شانەدەری ١) بە زیندووی هێڵدراوەتەوە لەبەر هۆکارێکی دیاریکراو. زانا لە زانستی مرۆڤزانی دێرین دا (ئێریک ترینکاوس) پێی وایە کە شانەدەری ١ لەلایەن تاکەکانی دیکەوە یارمەتی دراوە بۆ چاکبوونەوە لە برینەکانی. بەهۆی برین و کاریگەرییە لاوەکییەکانی تاسانە دەروونییەکەیەوە ئەگەرێکی زۆر کەم هەبووە پیاوی شانەدەری ١ توانای پەیداکردنی سەرچاوەی هەبووبێت بۆ خێزانەکەی یان توانای بەخشینی هەبووبێت بە کۆمەڵگەکەی بە شێوەیەکی واتادار و ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئەم تاکە بە زیندووی هێڵدراوەتەوە بەهۆی بەرزی پێگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەگەدا یان هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە زانیاری کلتووری لەلای.

شانەدەری ٢

دەستکاری

پاشماوەی شانەدەری ٢ پیاوێکی نێردەتاڵ بوو لە تەمەنی ٣٠ ساڵی دا و بەڕێژەیەکی کەم هەوکردنی جومگەکانی هەبووە. باوەڕ وایە بەرزی باڵای ١٥٧ سم بووە کە کەمترە لە تێکڕای بەرزی باڵای نێرە نێردەتاڵەکان. هۆکاری مردنەکەی کەوتنەخوارەوەی بەردەکان بووە لە بنمیچی ئەشکەوتەکەوە کە بووەتە هۆی تێکشکانی کەلەسەر و ئێسکەکانی بەشێوەیەکی سەخت. ئێسکی کەلەسەری پەستێوراوەتەوە بە نزیکەی ٥-٦ سم و لە کاتی دۆزینەوەی دا زۆربەری ئێسکەکانی نادیاربوون و لەسەر لاقی چەپی جێگەی ددان بوونی هەبووە. هەروەها بەڵگە هەیە کە شانەدەری ٢ مەراسیمێکی ماڵاوایی بۆ ئەنجامدراوە و کەڵەکە بەردێکی بچووک دۆراوەتەوە لەسەر گۆڕەکەی و ئاگرێکی گەورە کراوەتەوە لە شوێنی ناشتنەکەی دا.[٣]

شانەدەری ٣

دەستکاری

پاشماوەی شانەدەری ٣ پیاوێکی ٤٠-٥٠ ساڵان بووە لە ئەشکەوتی شانەدەری ١ و ٢ دا دۆزراوەتەوە. برینێک لە چەپی نۆهەم پەراسوویەوە بوونی هەبووە و ئەم برینە پێشنیاردەکات کە هۆکاری مردنەکە بەهۆی برینێکی کونکردن (تێژەنین)ەوە بووە بە تەنێکی تیژ. گەشەکردنی ئێسک لە چواردەوری برینەکە دەریدەخات لە دوای برینەکە شانەدەری ٣ بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ژیاوە لەگەڵ بوونی تەنەکە لەناو برینەکەدا. گۆشەی برینەکە پیشانی دەدات کە هۆکارەکە خودیی نەبووە بەڵام هاوڕێکە لەگەڵ کردەی تێژەنینی بەڕێکەوت یان مەبەستدار لەلایەن تاکێکی دیکەوە. لێکۆڵینەوە نوێیەکان پێشنیاردەکەن کە هۆکاری برینەکە بگەڕێتەوە بۆ هاویژراوی مەودا درێژەوە.[٤]

ئەمە بە سەرەتاترین نموونەی توندوتیژی کەسیی یان دیاریکراو دادەنرێت لە تۆماری بە بەردبووی مرۆڤ دا و تاکە نموونەیە لەنێوان مرۆڤی نێردەتاڵ دا. هەروەها بوونی مرۆڤە نوێیە سەرەتاییەکان لە هەمان سەردەم دا کە خاوەنی چەکی هاوێژراو بوون لە ڕۆژاوای ئاسیادا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەگەری هەبوونی ناکۆکی لەنێوان جۆرە جیاوازەکان دا. مرۆڤی شانەدەری ٣ ناڵاندوویەتی بەدەست (نارێکی گەشەکردنی جومگەکان - Degenerative Joint Disorder)ەوە لە قاچی دا و بووەتە هۆی شکاوی یان لەجێ دەرچوون کە لە ئەنجامدا جوڵەکەی بە ئازار و سنووورداری هەبوو. ئێسکەپەیکەرەکە نمایشکراوە لە (هۆڵی سەرچاوەی مرۆڤ) لە (مۆزەخانەی نەتەوەیی بۆ مێژووی سروشتی) لە شاری واشنتۆنی پایتەخت.[٥]

شانەدەر z

دەستکاری

لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ شوێنەوارناسان دۆزینەوەی پاشماوەی زیاتری نیاندەرتاڵیان ڕاگەیاند کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر.[٦]

**ویکیپیدیا**

# لۆ کیژەکی سولەیمانی



**کەمال ڕێناس**

کیژی جوانی سولەیمانی ،خاتونی ،پەرچەم نێرگزی
لە (سەهۆڵەکە)*بوو دیتم، دری منی لۆ خۆی دزی
بە قەستی پرسیارم لێی کرد،بەڕاستی وەڵامی داوە
هەنگینی لە لێو دەباری،ئەو درەی منی بەرداوە
مانگ شێوە،حۆری ڕوخسار بوو،ئەوها ڕێکپۆش وئەنیق بوو
ڕومەت لوقمی ئامەی جۆڵا*،لێو گەزۆی وەستا تۆفیق بوو*
هەر بە ڕێکەوت دیتمەوە،لەسەر شەقامی مەولەوی*
زۆر بە لارو لەنجە دەڕۆیشت ، کت ومت ڕۆینی کەوی
وەکی گەنجەکی هەرزەکار، لەدووی چووم،چوە قەیسەری
قەناسە نیگای تێکرتم،ڕوح لە خۆشیان هەردەپەڕی

*** ***

لەناو ئاپۆرای قەیسەری،لۆ کنی چوم و دواندم
بەعاستەم بە ڕووم پێکەنی،زۆر بەڕێز بوو،ڕووی نەشکاندم
گۆتم بەڕاستی خاتوونی،ڕوحسوکیت لە دونیا تاقە
گۆتی:- سوپاس لەبۆ هەستت،کوڕە هەولێری بەساقە
گۆتم :- سەد ماشەڵلات لێبی، دەرێی نەعنەعەو چوکلێتی
با بسک وسمێڵ تێکەڵ کەین، حەقمان نەبی لە شارچێتی
خەڵکی شارە حەیاتەکەی،شاری هەڵمەت وقوربانی
ئەمن خەڵکی شەکرە شاری، هەولێر،بێ وێنە لە جوانی
لۆتێربوون لە سیحری چاوی،دوو چاو کەم بوون لۆ تەماشا
چونکە ماڵی،وان لەوێیە،ئاوەدان بێ برایم پاشا*
ئیمێل ئەدرەسی خۆم داێ،گۆتی:-لۆت دەنوسم نامە
چاوی ئینتیزاریم خێل بوو،هەتا ئێستاش بەتەمامە

---

*سەهۆلەک...مەولەوی (دوشەقامی بەناوبانگی سولەیمانین
*ئامەی جۆڵا...ئافرەتێیکی دەست ڕەنگین بوە کە شیرینی دروست کردیە
*وەستا تۆفیق ؟مەشورە بە دروستکردنی گەزۆ،
*برایم پاشا گەڕەکێکی کۆن و دلگیری شاری سولەیمانیە

# ماخۆلان



کەمن دووانەی دڵی تۆ بووم
ئەی بۆچی دڵت ڕەنجانم؟
کەمن تاکە گوڵی تۆ بووم
ئەی بۆچی هەڵتوەراندم ؟
منێ کلیلی بەختت بووم
چ خێرە بەد بەختت کردم؟
ئەزانی تۆ وەک مشتێ لمی
تێکەڵ بە ئینجانەی دڵم
لێت جوێ بم یاخود نەبم
لەلای هەمووان هەمان گوڵم
نیگەران و ئاگادارم بۆ تۆ
ماخۆلانی دڵم

**سۆما قەرەداخی**

# هۆکارەکانی شکستی دەسەڵاتی کوردی

## ڕەووف محەمەد ئالانی



(ئەوەی لە گورگ بترسێت ناچێتە ناو دارستان، ئەوەی لە زەرەر بترسێت قومار ناکات - فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی)

ئەو دۆخە ناسەقامگیرییەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، ئاکام و ئەنجامی خراپی شێوازی حوکمڕانی حیزبە دەسەڵاتدارە فیودال و خێڵگەراکانی ئەم هەرێمەیە، ئەگەر سەیرێکی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە بکەین لە ناوچەکەدا و بەراوردی بکەین بە مێژووی ئەو کاتەی ڕاپەڕینەی کە لە باشووری کوردستان ڕوویدا، کە بەهاری 1991 بوو، هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرو دژ بە کوردەکە ئەکەین بە نمونەی بەراوردکاری، من ناڵێم با وەک ئەوان بین، چونکە ئەوان پاشخانێکی گەورەتریان لە حوکمڕانی هەیە، بەڵام ئەبێ سەیری هەلومەرج و دەرفەت و کات بکەین، کاتێ ڕژێمی پاشایەتی لە ئێرانی دراوسێ دەڕوخێت و شۆڕشی ئیسلامی دێتە جێی، ساڵی 1979 بوو، ئەو وڵاتە لە سفرەوە بنیاتنرایەوە، هەر ساڵێک دوای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ئەو وڵاتەداهات جەنگێکی گەورەی هەشت ساڵەی توشهات لەگەڵ سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەو کاتی ئێراق، ئاگری ئەو جەنگە هەردوو وڵاتی کرد بەدۆزەخێکی گەورە و زیاد لە یەک ملیۆن مرۆڤ تیایدا سوتان، ئەم هەرێمە تەنها دوانزە ساڵ دوای ئەوان واتە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینمان کرد و ساڵێک دواتر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران، کە پشتیوانی نێودەڵەتی و هاوکاری و پاسای پارێزبەندی لەم هەرێمە بەتەواوی لەلایەن هاوپەیمانان بەرقەرار بوو، بزانن ئێمە بە تەنها سێ شاری بچووک بەرەو کوێ چووین و ئێرانیش سەرەڕای ئەو هەموو فشارە ئابووری و سیاسییەی لەسەریەتی لە کوێیە؟ ئەوان ئیمپراتۆریەکیان بۆ فارس و شیعە دامەزراندووە، کە جگە لە وڵاتەکەی خۆیان دەسەڵاتیان فراوان کردووە بەسەر زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بزانن ئێمە دەستکەوتمان چیبوو؟ .

با نمونەی دووەممان ئێراق بێت کە سەرکردە کوردەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە دروستکردنەوەی، لەدوای ٢٠٠٣ بزانن ئەوان لەکوێن و ئێمە لە کوێین؟ ئەوان ڕاستە بەهۆی دەستوەردانی ناوچەیی و شەڕی مەزهەبی نەیانتوانیوە ببنە دەوڵەتێکی باش بەڵام توانیویانە لەرووی کارگێڕی و یاسایی و ئابووری، دامەزراوەکانی تر لە ئێمە باشتربن، ئێمە هەرچاومان لە دەستی ئەوانە ئاوڕمان لێبدەنەوە و موچە و بودجەمان بۆ بنێرێت، کە پێشتر ئێمە بڕیاری ئابوری سەربەخۆماندا و ئەوانمان بە موفلیس ناوزەد دەکرد، ئەمانەی دەیڵێم پاساو نین بۆ دوژمنان و ناحەزانی کورد، تەنها هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنە، تا پێگەی خۆمان بزانین.

سەبارەت بە تورکەکانیش هەموومان دەزانین لە سەردەمی نەوەدەکان و کاتی ڕاپەڕینی باشوورئەوان ئابووریان هێندە لاواز و لەرزۆک بوو کەس ئاواتی بە هەژاریان نەدەخواست.

بزانن ئەوان ئێستا چۆنن؟ گەورەترین هێزی ناوچەکەن و حوکمی زۆر شوێنی تر دەکەن و خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوەن لە بەرژەوەندی خۆیان، ئێمەش بووین بە داردەستیان و چۆنیان بوێ وایان بۆ دەکەین.

لاوازی کورد لەباشور بۆ چەند خاڵێک دەگێڕمەوە، کە ئەمامەن:

١-گوێنەدان بە بەرژەوەندی باڵا و ئامانجە نەتەوەییەکان
٢-کارکردن بە پێودانگی عەقڵی خێڵ و هۆز و تیرە
٣-گەورەتر بینینی حیزب لە حکومەت
٤-لێنەپرسینەوە و گوێنەدان لە بەرپرسانی حیزبی
٥-نەبوونی هزری دیموکراسیانە و یەکتر قبووڵکردن
٦-دانەنانی کەسانی شیاو لە شوێنی شایستە
٧-بایەخدان بە کۆکردنەوەی سامان بۆ حیزب
٨-نەبوونی پلانی حوکمڕانی باش
٩-تەسلیم بوون بە داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەت هێزە ناوچەییەکان
١٠-بوونی هێزی حیزبی و ملیشیای کەسی
١١-گوێنەگرتن لە دۆستان و خەمخۆرانی نیشتمان
١٢-بەسەرمایەدار کردنی سەدان کەسی حیزبی، ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان شار و وڵاتیان پاوان کردووە بۆ خۆیان
١٣-زۆری و هەمەچەشنەیی هێزی چەکدار و بوونی زۆری گەندەڵی و ناڕوونی
١٤-بەدامەزراوە یی نەکردنی سیستمی بانکی، بە هۆکاری جیاواز بەتایبەت نەبوونی ڕوونی و شەفافی لە داهاتەکاندا
١٥-جیاوازی چینایەتی و بەرز بوونەوەی ئاستی هەژاری و بێکاری
١٦-بێبەشکردن و خواردنی مافی موچەخۆران و مامۆستایان
١٧-گوێنەگرتن و وەڵامنەدانەوەی ناڕەزایەتیەکان و سوکایەتی کردن پێیان
١٨-لەم وڵاتەدا ئەگەر حیزبی و سەر بەخۆیان نەبی، کارت بۆ ناکرێت
١٩-دە ساڵە جگە لەو کەسانەی خۆیان مەبەستانە، کەس دانەمەزراوە
٢٠-بێخەمی و بێباکی و بێمنەتی لەخەڵک

ئەمانەم بۆیە کورتکردووە و بە خاڵ نوسیومن، تا درێژە بە نوسینەکەم نەدەم، چونکە بۆ هەر خاڵێک لەوانە دەهێنێ کتێبێک بنوسرێت.

ئەوەی گیانی وورەبەرزی و خۆشەویستی نیشتمان و گەلی لای هاوڵاتیان دابەزاندووە، ئەم هۆکارانەن نەک خراپی خەڵک. دڵنیام ئەگەر لاوازی ئێوەی دەسەڵاتداران نەبوایە بیر وڕای خەڵک و دۆخی ژیانیان ئێستا جۆرێکیتر دەبوو، نەک ئەو کولەمەرگیەی ئێستا بەدەستی ئێوەی دەسەڵاتداری هیچ نەزان و مشەخۆرەوە تووشی هاتوون.

# سەیران

## ڕۆستەم خامۆش



چەند جوانە وەرزی بەهار
بەهاری پڕ لە گوڵزار
دەی بابچین بۆ سەیران
بە دڵخۆشی و بە ستران
چەند خۆشە هاژەی ڕووبار
لەگەڵ دیمەنی کۆسار
دەروانین هێواش و ورد
بۆ سەوزایی دەشت و گرد
دەردەکەون گوڵ و گیا
دەتوێتەوە بەفری چیا
سەدان باڵندەی ڕۆحسووک
ڕەنگاڵە و جوان و بچووک
دەخوێنن لەسەر داران
زۆر خۆشتر دەبێ سەیران.



# کچۆڵەیەکی سێ ساڵان بوو بە بچووکترین نووسەری جیهان

رەزا شوان

کچۆڵەیەکی ئیماراتی ـ لە دوبەی (ئەلمەها راشید ئەلموهێری) تەمەن (٣) ساڵان، لە ئەمساڵدا (٢٠٢٤) بوو بە بچووکترین نووسەر و بە بچووکترین نووسەری زنجیرە کتێب بۆ منداڵان لە جیهاندا. دوای ئەوەی کە ئەلمەها کە ئەم دوو کتێبەی نووسی (گوڵ) و (هەنگی هەنگوین) هەر خۆشی وێنەکانی بۆ کێشان. کتێبەکانی چاپکردن و لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا، لە رێگەی فرۆشگای ئەلیکترۆنی و بازرگانییەوە، لە هەر یەکە لەو دوو کتێبەی، زیاتر لە (٢٠٠٠) دانەیان لێ فرۆشران. بەمەش ئەلمەها ئەلموهێری، توانی مەرجە پێویستییەکانی، ژمارەی پێوانەیی جیهانی "گینس" بەدەستبهێنێت. دوو ریکۆردی ژمارەی پێوانەیی تازەی جیهانی تۆمارکرد. لە رۆژی (٧/ ینایر/ ٢٠٢٤) بە فەرمی دان بە ئەنجامەکەیدا نرا و ناویان لە تۆماری "گینس" بۆ ژمارە پێوانەییەکان تۆمارکرد و دوو بڕوانامەیان پێیدا. بەم دوو ریکۆردە جیهانییە، ئەلمەها راشید ئەلموهێری، دەستکەوتێکی پڕ لە شانازی و شکۆداری و مێژوویی نەمری بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی و بۆ ئیماراتی نیشتمانی تۆمارکرد.

ئەلمەها ئەلموهێری لە دایەنگە دایە، بەدەر لە منداڵانی تر، کە لە تەمەنی (٦ بۆ ٧) ساڵ، فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن. ئەلمەها کارامەیی و ناوازەیی خۆی نیشاندا. ئەم لە تەمەنی (٣) ساڵی دایە، بلیمەتانە فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. هەر لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٢٠٢٤) بە شێوە و شێوازێکی سەرەتای نایاب و سەرکەوتوو دەستی بە چیرۆک نووسین کرد. بە توانای بەرزی لە زماندا، کەسانی دەوروبەری سەرسام کردووە. ئەلمەها بەوەش ناسراوە، لە تەمەنی منداڵییەوە، بە گفتووگۆی تێڕامانی، هەموو کەسانی دەوروبەری رامان و سەرسام و دەکرد.

گوڵکردنی ئارەزووی ئەلمەها، بۆ پاراستنی ژینگە، لە کاتی بەشداریکردنی دایک و باوکی لە کۆنفرانسی (٢٨) تەمی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە دوبەی لە مانگی (نۆڤەمبەر/٢٠٢٣) بۆ گۆڕانی کەشوهەوا بەڕێوەچوو. بانگ کرابوون و ئەلمەها شیان لەگەڵ خۆیاندا برد. لەوێدا ئیلهامی بۆ چیرۆکەکانی تایبەت بە ژینگەی بەدەستهێنا.

دایکی ئەلمەها (مۆزە ئەلدەرمەکی) دەڵێت:"سەرەڕای بچووکی تەمەنی، هەوڵدەدات لە بوارە جیاوازدکاندا جیاوازبێت. پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە بابەتەکانی نووسینەکانی دربارەی ژینگەبن. ئەمەش رەنگدانەوەی کارتێکردنی بەشداریکردنی ئەلمەهایە لە میوانداریکردنی لەگەڵ ئێمەدا، لە کۆنفرانسی ساڵی رابردووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوبەی، دەربارەی گۆڕانی کەشوهەوا. سەرەڕای ئەو هەواڵ و فیلم و ڤیدیۆ و ریکلامانەی دەربارەی کەشوهەوا و ژینگە، کە لە میدیاکاندا دەیانبینێت و گوێی لێیان دەبێت. هەموو ئەمانە پاڵنەرێکن، بۆ ئەوەی ژینگە و گرنگدان بە ژینگەپارێزی، بخاتە لیستی نیگەرانییەکانییەوە". سەبارەت بە چۆنییەتی ئاشناکردنی منداڵ و بەرزکردنەوەی بەهرەکەی، لە نووسینی چیرۆکدا، بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و بە رووداوی زنجیرەیی و وێنەکێشراو، دایکی ئەلمەهەها دەشڵێت: "بوونی بەهرە لە منداڵێکدا بەس نییە. دەبێت بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دەوربدرێت، کە بەهرەکەی بە شێوەیەکی دروست بەرزبکاتەوە و پەرەپێبدات، گونجاوبێت لەگەڵ لەباربوون و توانا و لێهاتووەکانی، سەرەڕای ئەوەش پێویستە منداڵان بەشداربن لە گفتوگۆکانی خێزانەکانیاندا، بۆ پێشخستنی بیرکردنەوەیان، پاڵنەریشیانە بۆ بیرکردنەوە و بۆ داهێنانیان".

ئەلمەها ئەلموهێری، منداڵێکی گەشبین و هیواخواز و متمانە بەخۆیە. هێزی پەرەپێدانی کارامەیی و بیرۆکەکانی، لە رێگەی خوێندنەوەی زۆرەوە، بە دەستهێناون.

شایەنی باسیشە ئەلمەها، لە خێزانێکی بلیمەت و زیرەکە. لە گەڵ خوشک و براکەیدا لە کێبڕکێیەکی هەمیشەییدان . بۆ پێشکەوتن و بۆ داهێنان و بەدەستهێنان.

خوشکەکەی کە ناوی (ئەلزەبی) ئەلموهێری یە، تەمەنی نزیکی هەشت ساڵە، بە ئینگلیزییەکی پەتی دەدوێت. تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠٠) کتێبی هەمەچەشنەی خوێندۆتەوە. خاوەنی ریکۆردی جیهانی "گینس" ە، کە لە تەمەنی (٧) ساڵیدا، لە (٢٠٢٤) بچووکترین نووسەری کتێبی چاپکراو و بڵاوکراوەیە، بە دوو زمان لە جیهاندا. ناونیشانی کتێبەکەشی (بیرۆکەیەکم هەیە) کە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسیوێتی. باس لە منداڵی خۆی و لە ژیانی خێزانییان دەکات.

براکەشی کە ناوی (سەعید) ئەلموهێری یە و تەمەنی (٤) ساڵە، خاوەنی بڕوانامەی ریکۆردی جیهانی "گینس"ە، کە بچووکترین نووسەری (نێر)ە، لە نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان لە جیهان. کتێبەکەی بە ناوی (فیلێکی شاد و ورچێک) باس لە هاورێتی دەکات.

واتە برا و دوو خوشکەکە، خاوەنی چوار بڕوانامەی ریکۆردی جیهانین، وەک بچووکترین نووسەر و بچووکترین نووسەری زنجیرە کتێبی چاپکراو و بڵاوکراوە بۆ منداڵان و بچووکترین نووسەری کتێب، بە دوو زمان بۆ منداڵان لە جیهاندا.

ئەلمەها راشید ئەلموهێری، لە رێگەی نووسینی هەردوو چیرۆکەکەی (گوڵ) و (هەنگی هەنگوین) پەیامی گرنگی ژینگەپارێزی بە منداڵانی هاوتەمەی رادەگەیەنێت.





پێویستە دایکان و باوکان، ئارەزوو و بەهرە شاراوەکانی منداڵەکانیان بدۆزنەوە و پشتگیرییان بکەن و رێنمایی پێویستیان بکەن بۆ گەشەکردنیان و بۆ داهێنان. کەڵە زانای جیهانی (تۆماس ئەدیسۆن)ی داهێنەری کارەبا. ئەگەر بە پشتگیری و هاندانی دایکی میهرەبانی نەبوایە، نەدەبوو بەو زانا داهێنەرە. بۆیە ئەدیسۆن خۆی بە بە قەرزاری دایکی دەزانی.

لەناو منداڵانی ئێمەی کوردیش، بلیمەت و دانا و داهێنەرمان زۆرن. بەداخەوە کە نە پشتگیری و نە هاندانیان هەیە، بۆ ئەوەی دەربکەون و گرنگی بە بەهرەکانیان بدەن.

(*) بۆ ئەم نووسینە، سوودم لە چەند سایتێکی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگرتووە.

دوبەی: ٢٠٢٤

تێبینی:

ئەلمەها: المها: جۆرە ئاسکەیەکی کێوی گەورەی شاغدارە، لە بیابانەکانی ئیمارات و سعودییە و لە وڵاتانی دەوروبەریان زۆرن. بەرگەی گەرما و کەم ئاوی دەگرن.

ناوی (ئەلمەهەا – المها ) بە ناوی ئەو ئاسکەیەوە نراوە.

ئەلزەبی: الظبي: ئەمیش جۆرە ئاسکێکی ترە و لە بیابانەکانی نیوچە دورگەی عەرەبی زۆرە. ناوی (ئەلزەبی - الظبي ) بە ناوی ئەو ئاسکەیەوە نراوە.



# سەما لەگەڵ فڵچەکەم

چرۆ ڕشید



کامۆ قوتابییەکی زۆرچالاک وئیسک سوک بوو مامۆستا وهاوڕێکانی زۆرخۆشیان دەویست هەموو ڕۆژێک کەلە قوتابخانە دەگەڕایەوە دەچووە ژوورەکەی خۆی و سڵاوی لەفڵچەکەی هاوڕێی دەکرد هەرچی لەقوتابخانە ڕوویبدابایە بەدڵخۆشییەوە بۆ فڵچەکەی باس دەکرد فڵچەکەهاوڕێییەکی خۆشەویستی کامۆ بوو هەموو ڕۆژێ لە ئامادەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە یارمەتی کامۆی دەدا،کامۆ لەسەر مێزی خوێندنەوەکەی چەند جۆرێک بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ و کاغەزی سپی و بۆیەی ئاوی هەبوو هەموو ڕۆژێک دوای ئامادەکردنی ئەرکەکانی لەگەڵ فڵچەکەی یاری دەکرد ڕۆژێک کامۆ لەقوتابخانە گەڕایەوە زۆر بێزارماندو بوو فڵچەکەی لێی پرسی: ئەوە هاوڕێ گیان بۆوا بێزاری ئەمڕۆ؟ کامۆ بەفڵچەکەی ووت :ئەمڕۆ مامۆستا لەقوتابخانە پێی ووتین پێشانگایەک دەکەینەوە هەریەکێک لەئێوە دەتوانێت بەتابلۆیەک بەشداربێت بەیانی دوا مۆڵەتە بەڵام من هیچم ئامادەنەکردووە ئێستا نازانم چۆن بتوانم وا زوو تابلۆیەک ئامادە بکەم؟ فڵچەکە بەکامۆی ووت :پێویست ناکات بێتاقەت بیت دەی کاغەزی وێنەوبۆیەکان بهێنە من وپەنجەکانی تۆوڕەنگەکان تێکەڵ دەبین و سەمائەکەین وتابلۆیەکی ڕەنگین دروست دەکەین کامۆ پێشنیاری فڵچەکەی بەدڵ بوو یەکسەر بەخێرایی دەستی کرد بەسەماکردن لەگەڵ فڵچەوڕەنگەکان دوای تەواوبوونی سەیری کرد تابلۆیەکی ئێجگارڕەنگین وناوازەیە، دوای سەماکە بەفڵچەکەی ووت با بتشۆم و ووشکت بکەمەوە با هەر پاک وخاوێن بیت بۆیە بەیانی بەدڵخۆشییەوە چوو بۆقوتابخانەوتابلۆکەی پیشانی مامۆستاکەیدا مامۆستا پێی ووت :هەربژیت کامۆ تابلۆکەت هەڵبژێردرا بۆ بەشداریکردن لەپێشانگاکە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگاکە کامۆ فڵچەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆبینینی پێشانگاکەو کامۆ زۆر دڵخۆش بوو بەوەی هەرکەسێک تابلۆکەی ئەبینی دەستخۆشی لێی ئەکرد بۆیە زۆر سوپاسی فڵچەی هاوڕێی کرد پێی ووت: ئەم سەرکەوتنەمان بەهۆی تۆوە بوو، ئیترکامۆ بڕیاریدا لەگەڵ فڵچەکەی هەمیشە تابلۆبکێشن و پێشانگای تایبەت بەخۆیان بکەنەوە.



# کتێبخانەی گەڕۆک

پەیام ڕەفیق محمود



سێوە زۆر حەرزی لە کتێب و گۆڤاربوو ئەو هەمیشە بەهاوڕێکانی دەووت من زۆربەی کاتەکانی پشووم بۆ خوێندنەوەی گۆڤاری منداڵان و کتێبی کورتە چیرۆک و هۆنراوە تەرخان کردووە.......

یارای هاوڕێی ووتی :-سێوەگیان منیش بووم بەهاوڕێی کتێب و ڕۆژانە دەخوێنمەوە بەڵام کتێبخانەکەی من بچوکە و ئەگەر زۆر گۆڤارو کتێب بکڕم ئەوا لە کتێخانەکەدا جێگای نابێتەوە بۆیە زۆر کتێب ناکڕم...

سێوە ووتی:-یاراگیان مەرج نیە کتێب و گۆڤاری زۆر بکڕیت ئەتوانی ئەو کتێبە یان گۆڤارەی حەزی پێدەکەیت لە من یاخود هاوڕێیەکی تر بە ئامانەت وەرگریت و پاش خوێندنەوەی بۆی بگەڕێنیتەوە...

لەم گفتوگۆیەدابوون لیلی هاوڕێیان ووتی هاوڕێیان... هاوڕێیان...بیرۆکەیەکم بۆهات!

سێوەویارا :- ئادەی بزانین هاوڕێ گیان چیە؟؟؟

لیلی :-ئەتوانین کتێبخانەیەکی گەڕۆک دروست بکەین تازۆرترین لە هاوڕێکانمان سودمەند بن لە خوێندنەوەی گۆڤارو کتێبەکان، وەهەروەها پاش ئەوەی کتێبێک دەخوێنینەوە دەیخەینە کتێبخانە گەڕۆکەکە تا دووبارە سودی لێببینن......

یارا :-واتاچۆن؟!

سێوە :- واتا چیتر پێویست ناکات کە گۆڤارێک یان کتێبێک دەکڕین لە کتێبخانەیماڵەوە داینێین ،دەیخەینە ئەو کتێبخانە گەڕۆکە بۆ سودی هاوڕێیان.......

یارا:- واوو..... بەڕاستی بیرۆکەیەکی جوانە کەواتە با لە ئێستاوە کاری بۆبکەین.....

باران ووتی:- هاوڕێیان خوشکە بچوکەکەم گەورەبوەو پێویستی بە عەرەبانە نەماوە ئەو ئێستا بە پێی خۆی دەڕوات ، ئەتوانین سود لەو عەرەبانەیە ببینین ...

لیلی ووتی:- کەواتە عەرەبانەکە دەڕازێنینەوەو هەریەکەمان ئەو گۆڤارو کتێبانەی کە خوێندومانەتەوە دەیخەینە عەرەبانەکەوەو دەچینە لای هاوڕێیان تا ئەوانیش سودمەندبن لە کتێب.....

سێوە وتی :- زۆر باشە هاوڕێیان ناویشی دەنێین کتێبخانەی گەڕۆک......


هەموویان دڵخۆشبوون بەم کارە جوانە و زۆرترین هاوڕێ سودمەندبون لە کتێب و گۆڤارە قەشەنگەکانی منداڵان .



# زیاتر لەهیچ

هێندە لەپووچییەکان مەدوێ
زیاتر لەهیچ خۆشمدەوێی
هەمووشەوێک
لەژێر تریفەی بێدەنگی مانگە شەودا
دەستێکم لەژێر سەرتدا لێوندەبێ
پەنجەشم  بەسەرسینگتەوە
بێ هۆش دەبێ
هەرکات شووشەی فرمێسکەکانم  دەشکێن
سەدان مرواری بەنرخ و
هەزاران دڵۆپی حەسرەت بۆرابردوو
بەباڵای شەودا دەڕژێن،
لەو دەمەدا بەخۆم دەڵێم
گەڕان بەدوای وشەی سادە و
نەرم و نیان
لەپیاسەی ئێوارانێکی درەنگ دەچێت
لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا بزردەبێت
هەروشەیەک لەهزردا
دەچێتە سەرنخشەی بەهای پێناسەیەک
من دەمەوێ سواری پشتی وشەیەکی نەگوتراوی هەڵفڕیوبم
بمگەێنێت بەباڵای ئاسمانی عشقت
بەڵام حەیف هەرچەند دەکەم
دەرگای تەڵبەندی زێڕینی
هەستی خۆمم بۆناشکێت!
هەروەکو تۆ سەردمانێک
نەتئەتوانی لەمەنیفێستی ژیانتدا
دەرگا لەدڵ بکەیتەوە
تانەکەومە بەر شەپۆلی
تورەی زریان و ڕەشەبا!،
خۆدەکرا وەرزێکی جیاوازت هەبێت
بۆعشقی دانەباریوم
شنەبایەک بیبردبام بەرەو ئەوشوێنە ئارامەی کەتاکو ئێستاش نەیدیوم!
خۆدەبینی دوای ساڵانێک
ئێستاکەش من چەندە تەنیام
وەک شاپەڕی بەجێماوی باڵندەیەکی کۆچەری
جارێکی تر
بەسەرهێلانەی جێماوی دڵی تۆوە منیش جێمام؟!
حیکمەتی ئەم چارەنوسە لەچیدایە
دوای تەمەنێک جارێکی تر
لە ئاوێنەی چاوی پڕلەترسی ئەودا بگیرسێمەوە خودایە؟!
ئێستاکەمن
وەکو بێچووە کۆترێکی بێ پشتیوان
لەنێو دارستانی چڕی ناخی تۆدا
ڕێم لێ ونە
وەکو ئاسکە کێوییەکی
هەڵاتوو لەترسی ڕاوچی
هەرهەڵدێم و ئاوڕ لەهیچ نادەمەوە
داستانێکم بەزمانێک نوسراوەمەوە
جگە لەتۆ کێ دەتوانێ لەمن بگات  من خەمێکی هێندە ئاڵۆز و نادیارم سەدان
وشەی نەگوتراوم هەڵگرتووە
ئاگرێکم لەناخی چاوەڕوانیدا
کڵپە دەکەم!
خۆڵەمێشی ئومێدێکم
لەگەڵ گەردەلولی تەمەن
وا لەجەنگدام
لێرە ناڕۆم و دەمێنم
هەردەمێنم هەتاکو دەگەڕێیتەوە
زۆر دڵنیام  بەیانیەک
لەگەڵ شەماڵێکی هێور تۆدێیتەوە،

ئێمە هەروایــن کە کۆچ دەکەیــن
ئەگەر تەمەن بواربدات
هەردێنەوە جارێکی تر
بەنێو کۆڵان و شەقامی یادەکاندا
پیاسەدەکەین،
چاو دەگێڕین لە وشەیەک
سەردەمانێک لەگیرفانی لەتێکماندا بەرلەگوتنی ونمانکرد،
تەماشای تەمەنم  بکە
چۆن وەکو پەلکەگیای پایز
ڕەنگ دەگۆڕێ و هەڵدەوەرێ
ئەو پیرەژنەش ببینە
چەند بە وردی هەموویان
کۆ دەکاتەوە و
دەیانخاتە تەنورێک و
لەودەمانەی بەستەڵەکی
تەنیایی کەسیرەی دەکات
بەشقارتەی سوتێنەری یادێکەوە
گڕلەهەموویان بەردەدات،
هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و
بیرلەودەمە دەکاتەوە
کەسێک هەبوو لەهاوینی سوتێنەردا بەبێ دەنگی
خۆی بۆدەکردبە سێبەر و
وەکوباران بەسەریدا دائەباری
کاتێ کە زستانیش دەهات
ئەو وەکو گڕ دائەگیرسا،
کەچی غرور بۆجارێکیش
نەیهێشت ئەوعشقە ببینێ و
ڕێی پێنەدا،
ئەوپیاوێک بوو
لەنێو ئاوێنەی شکاوی عشقی مندا
لەت لەت ببوو
کەمن شکام ئەو بوو بەدوو
منێک ئەوی لەخۆیدا کۆدەکردەوە
ئەویکیش لەتی شکاوی منی بۆخۆی دەبردەوە!،
ئەوسیمای قەڵەمێکی باڵابەرزی
چەندساڵەبوو
منیش وەکو دەفتەرێکی نەنوسراوی
چاوەڕانبووم،
من ئەوژنەم تەمەنی ئەوم لەخۆمدا تواندەوە
ئەویش هەنسکە شیعرێکی
کردە بەئەڵقەی پەنجەی یادێکی ڕابردوو،
یادێک هەزاران فرمێسکی
بەسەرتەنافی ژیانەوە جێهێشتبوو!
تائێستاکەش ئەوتەنیاترین پیاوێکە
وەک چەخماخەی هەورە برووسکەی
لەناکاو
بەسەرباڵای مەعشوقەکەی جارانیدا
تێدەپەڕێ
هەرکاتێ کەو دەبارێت
من بۆی دەبم بەژیلەمۆ و
بۆی دەسووتێم
ئەو فریشتەی نووستووی
بەر بارانی شیعرە
ئەو شیعرەێک بوو
لە هیچەوە منی کرد بە زیاتر لە هیچ
ئەو شیعرەێکە
کاتێ لەخۆیدا دەسوتێ
لە مندا گەشدەبێتەوە
ئەوپیاوێک نەبوو لەوەهم
کەچی منی کرد بە سەراب
کەچی منی کرد بە سەراب




هەرچی دەکەم نابمەوە بەخۆمی جاران
کەئەو وەکو پەڵەهەورێک دەردەکەوێت
منیش دەبم بە بروسکە و
عشق دەست دەکات بەباران!
***

هاژە بەرزنجی

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## ماهـــــــر ستار



Zaet lasar canvas- 50x50 cm- 2009

1969 -لە خانەقین لەدایکبووە.
1994-1995 -بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەدەستهێناوە.
1989 -پیشانگەی هێڵکاری ـ لەهۆڵی کۆلیج / بەغدا.
1990 -پێشانگەی سروشت ـ هۆڵی ( النصر) / بەغدا.
1992 -یادی هونەرمەند فائق حەسن ـ هۆڵی کولیج /بەغدا.
1992 -فێستیڤاڵی سالانەی کۆلیجی هونەرەجوانەکان / بەغدا.
1994 -پیشانگەی پۆرترێت ـ هۆڵی کۆلیج / بەغدا.
1994 -پرۆژەی ( الفن البیئی ) هوڵی کۆلیژ.
1994-پیشانگەی گرافیك هۆڵی کۆلیژ.
1997-2001فێستیڤاڵی سالانەی کەرکوك ـ دەربەندیخان ـ کفری ـ کەلار.
1999 -فێستیڤاڵی شێوەکاری لاوانی سلێمانی.
2000 -پێشانگەی خیتاب الموده / سلێمانی.
2000 -پیشانگەی ( پۆستر) صلیب احمر / سلێمانی هۆڵی un .
2001 -پیشانگەی (پۆستر) ریکخراوی هاندیکاب سلێمانی.
2003-المعرج التأسیسی الاول ( تجمع الفنانیین التشکیلیین العراقیین) ئوتێل شیراتۆن /بەغدا.
2004-پیشانگەی شێوەکارانی شاری خانەقین.
2004-پیشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی لەشاری سنە.
2004-2005-خولی شەشەمی گەلەری دهۆك.
2005 -پرۆژەی کارەساتی ئەنفال /سلێمانی.
2004 -خولی یەکەمی گەلەری ئارام سلێمانی.
2005-پیشانگەی شێوەکارانی کوردستان- یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان.
.2006 - 2010 -بە شداری کردنی لە خولەکانی گە لە ری زاموا
-سەرجەم خولە کانی گەلەری دهوك.-
.فیستیڤاڵی سالآنەی گەلاوێژ لە سلێمانی.
2011-ماملۆستایە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.


ئامادەکردنی بەختیار سعید




100 x70 cm. karastae hamagor-2009



Zaet lasar canvas- 100x100 cm -2009



Zaet lasar canvas- 90x70 cm- 1999



# ژیان هەوڵدانی بەردەوامە بۆ گەیشتنە ئامانج

## رزگار خدر مستەفا

بێ ئامانج ژیان زۆر بێ مانایە
چەندێ ڕەنج بدەی ، ڕنجت بەبایە
خەیاڵی زۆر و بیری بەربڵاو
ناگاتە مەبەست ، وەک خەیاڵپڵاو

ژیان تێکۆشانی بەردەوامە ، هەوڵدانە ، جوڵەی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتێک ، کە پێیدەوترێت ئامانج ، مرۆڤی بێ ئامانج لەژیان نائومێد و سەرلێشێواوە و هەنگاوەکانی تێکەڵ دەبن و نازانێ لەژین چی دەوێت وەک ئەو کەشتییە وایە لەدەریادا نەزانێ رووبکاتە کام کەنار و کامە بەندەر و لەگێژاوی دەریادا وندەبێت ، ئامانجەکان زۆرن ، لەهەر قۆناغ وتەمەنێکدا ئامانجێکمان هەیە ولەگەڵ گەورەبوون وهەڵکشانی تەمەن زۆرترو گەورەتر دەبن تا لەکۆتایی تەمەنیش نزیک بینەوە بچووک دەبێتەوە و هەندێک بێ هیوا دەبن ، هەردەستەو گروپ و رێکخراو و حیزبێک .. بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک دروستدەبن ، هیچ کارو چالاکییەک بێ ئامانج نییە ، قوتابی ئامانجی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و دەرچوونە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، کرێکار ئامانجی کارە ، یاریزان ئامانی گۆڵکردنە ، سەڵت ئامانجی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییە ، دوایی منداڵ بوون وگەورەکردنیەتی ... هەرکات دەگەین بە ئامانجێک ئامانجی نوێ سەرهەڵدەدات ، هیچ کام لەمانەش بەخەون وخەیاڵ ونزا و پاڕانەوە و لەخۆڕا ناگەنە مەبەست ، بەڵکو بەدیهێنانی ئامانج کاری بە پلانی دەوێ ، هەوڵدان و سوربوون و خۆراگری و بەردەوامی دەوێت هەروەک رزگارکەرو تێکۆشەری هند غاندی دەڵی : شکۆمەندی لەهەوڵداندایە بۆ گەیشتنە ئامانج نەک گەیشتنە ئامانج ، دەبێت بەربەستەکان ببڕی و ئامادەبیت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنکاریەکان . لەشکستەوە وانەی نوێ فێربین بۆ کۆڵنەدان .

پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن وفێربوون دەبێت ئامانج داربێت و پێشبینی فێربوون و تێگەیشتن و هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانج بکات ، فێرخواز چی دەخوێنێ و بۆ دەخوێنێ و بە چ ڕێگایەک باشتر کردەی فێربوون روودەدات ، کارێکی پڕبایەخە مامۆستایان پێش ئەوەی بچنە پۆلەوە ئامانجی گشتی و ئامانجە تایبەتیەکانی بەڕوونی لەپلانی خۆیدا دیاری بکات و لە ئاست توانا ولێهاتوویی قوتابیاندا بێت ، گرنگیدان وزانینی ئامانجەکان وا دەکەن کە مامۆستا جەخت لەسەر یەک ئامانج نەکاتەوە چۆن خوێندکار پێویستی بەگەشەکردنی هەمەلایەنەی هزری وجەستەیی وسۆزی هەیە . بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی وانەوتنەوەی جەخت لەسەر سێ ئامانج دەکاتەوە کەمەبەستێتی لە رەفتاروهەڵسوکەوتی خوێندکاردا رەنگبداتەوە ؛ ئامانجی مەعریفی کەبریتییە لە فێربوونی زانست و زمان و ئەدەب ومێژوو ... ئامانجی سۆزداری کەبریتییە لە چاندنی بەهاورێکخستنی رەوشت و بەرزکردنەوەی تونا و جیاکردنەوە وناسینی رەفتار وگوفتاری ئەرێنی ونەرێنی ، ئامانجی سێیەم ئامانجی کارامەییە لای قوتابی.






# مەرگ،و دوا پێکی مەی

## عەلی محەمەد چوارتایی

لەسەر پێخەفی مەرگ بووم، چاوەڕێی هاتنی ئەو فریشتەیەی خودا بووم کەڕۆحی مرۆڤەکانی دەبردەوە بۆئاسمان، وەرزی تەمەنم پایزی بوو، لق وچڵ ودەمارەکانی جەستەم دار بەڕوویەکی پیربوون، چاوەڕوانی ووشک بوون و لەناوچوونیان دەکرد، ئاخرمن چاوەڕێی دوا هەناسەی ژیانم بووم، کەچی مەرگ نەهات، حەزم دەکرد بێت ولەناوتاڵی ئەم ژیانە ڕزگارم بکات، کەچی نەهات ونەهات، داوای پێکێک شەرابی ترێی سوورمکرد نەیاندامێ ووتیان: لەسەرە مەرگدا نۆشکردنی مەی حەرامە و بۆ قیامەتت ترسناکە.

شەوێکی تاریکی عاشقانە نەبوو.

تەنها خۆم وزام ومەی ومردن بووین، کەس لەدەورمان نەبوو هەرچوارمان دژ بەیەک بووین.

دەمزانی مەرگ لەدڵم نزیکە وگۆڕ چاوەڕێی جەستەمە.

سەماش چاوەڕێی من بوو تاکو دوا پێکی شەرابی زەوی نۆشکەین، لەناوژوورێکی تاریکدابووم، چاوەڕێی دواهەناسەی ژینم بووم، مەرگی بەرگ سپی خۆی کرد بەژوورەکەمدا، لەتەنیشتم دانیشت، دەمزانی کۆتایی بەهاری ڕۆحمە وکاتی بەرێکردنی دواساتەکانی تەمەنمە.

پێکێک شەرابی سوورم هەڵگرتوو هەستامە سەرپێ، وەک دێوانەیەکی پیری مەیخانەی عیشق دەستم کرد بەسەما، بەپەرداخە سوورەکەوە دەچووم بەئاسماندا وگۆرانیم دەچڕی، وەک پەپوولەیەکی عاشقی ئارام لێبڕاو، دەچووم بەئاسماندا ودوایش دەگەڕامەوە بۆ سەرزەوی.

پیریم لەجەستەم جودابووەوە، بوومەوە بەلاوێکی سەرەتایی تەمەنم، تاڵە سپیە ماندووەکانی جەستەم، وەک گوڵاڵە سوورەی نەورۆزی سەووزبوونەوە.

جارجارەش تەمەشایەکی مەرگم دەکرد، لەسەر کورسییەکە ڕۆنیشت بوو، تەمەشای سەماو هەڵدانی پێکی مەی لێوی دەکردم، ژوورە تاریکەکەم لێبووە، هۆڵێکی گەورەی شای ولۆغانی عاشقانی شار، من جەستەم ماندوویی نەدەزانی سەما و گۆرانی ووتنم بۆ ژیان بەردەوام بوو، چاوم لێبوو (مەرگ)خەریکی مەی نۆشین بوو.

هێندە سەماوگۆرانیم چڕی مەست بووم وخەوبردمی بۆ جیهانە یاقووتیەکەی.

سپێدەی بەیانی بوو تیشکێکی زەردی لاواز چاوە خەووتووەکەمی بەئاگاهێنا.

لەش وجەستەم گەڕایەوە بۆ وەرزی پیری ومردن.

هەستامە سەرپێ، نیگای چاوە کزولاوازەکانم گێڕا بەناوژوورەکەدا.

مەرگم بینی قاپە شەرابەکەی نۆشکردبوو، گەیشتمە لای وبەدەستەبێهزەکانم سەریم بەرزکردەوە، بەدیار پەرداخ ومەزەی سەر مێزەکەوە مردبوو.

پەتوویەکی تەنکم لەجەستەی ئاڵاندو لەژوورەکە هاتمە دەرەوە و پڕ بەسیەکانم هەوایەکی شیرینی بەیانیم هەڵمژی و وەک دێوانەیەکی عاشق بەرەو (کوڵبەی) مەیفرۆشان کەووتمەڕێ.



# تیشكێك لەسەرتاقیكردنەوەكان

## سۆران محەمەد ڕەمەزان

*لەم بابەتەدا بەپێویست وگرنگی دەزانم كەبەكورتی باسێك لەسەر كارەكانی ئەوسێ لایەنەبكەم كەئاوێتەی یەكترن و پێكەوەپەیوەندیدارن وكاریگەریان لەسەر سەركەوتن یاخود شكستی
خوێندكاران لەتاقیكردنەوەكاندا
هەیە.ئەوانیش بریتین
(خێزان ،قوتابی،مامۆستا):

١- كارەكانی خێزان/پێویستەخێزان لەكاتی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی خوێندكاراندا بەباشی ئاگاداری بارودۆخی خوێندكارانبن ووەک چۆن لەبەخێوكردن ودابینكردنی پێداویستیەمادییەكان دڵسۆزن ودرێخی ناكەن ئاواش چاودێروخەمخۆری ودڵسۆزیان لەلایەنەپەروەردەییەكە بخەنەگەڕ.ئەم كارەش لەپێناودەستەبەركردنی ئایندەیەكی گەشە بۆنەوەكانیانە.بۆیەدەبێت خێزان كەشێكی لەبار بۆخوێندكاران برەخسێنن وپاڵپشت و هاندەرو وهاوكاریانبن.وەهەمووجۆرەگەشت وسەردانەكانیان ڕابگرن وكات بەفیرۆنەدەن.وەبەباشی كاتەكانی خەوخۆراک وهەوڵدان ڕێكبخەن و زۆربەباشی وریای سۆشیاڵ میدیاوئامێرە
ئەلیكترۆنییەكان بن وەک مۆبایل وئایپاد و...هتد هەتاپێیان ئەكرێت
لێی دابرێن چونكەكاریگەری زۆرخراپی هەیە لەسەر ئاستی تێگەشتن وبیرچوونەوەو تێكچوونی خەوخۆراک و...هتد

٢-كارەكانی قوتابی /دانانی پلانێكی ڕۆژانەی باش وەكارپێكردنی كەزۆر پێویستە.وەدەبێت خێزان وقوتابخانەش جەختی لەسەربكەنەوەوئەوپەیامەبەباشی بگەیەنن بەقوتابیان،كەهەمووكارێكی باش پلانێكی باش ووهەوڵدانێكی باشی دەوێت هەتا سەركەوتن بەدەست دەهێنێت.وەهیچ شتێک مەحاڵ نیە. دەبێت قووتابی متمانەی بەخۆی هەبێت و
بەهیچ جۆرێک ترس ودڵەڕاوكێی نەبێت.چونكەسەركەوتن بەهەوڵدانەو هیچ پێویست بەترس ناكات وەک زاناكان دەڵێن ترس قەڵای ئەقڵ ئەڕوخێنێت.
دەبێت لەكاتی هەوڵدان بۆبیرخستنەوەوپێداچوونەوە هیچ یەكێک لەبابەتەخوێنراوەكان پشتگوێ نەخرێ و وەهەرخوێندكارێ لەبابەتێكا تێنەگەشتبوو پێویستەداوای هاوكاری لەخێزان ومامۆستاوهاوڕێكانی بكات بۆدووبارەكردنەوەوتێگەشتن.
وە
پێش هاتن بۆقوتابخانە دەبێت خۆی باش ئامادەبكات وگرنگی بەژەمی بەیانیان بدات بۆباشتربوونی تەركیزی ووەهەموو پێداویستیەكانی بەبێ كەم وكوڕی لەگەڵ خۆی بێنێت وەک (دووپێنوس وخەتكوژێنەوەو ڕاستەو....هتد)
پاشان دەبێت كەچووەتاقیكردنەوە لەكاتی وەڵامدانەوەلەسەرخۆبێت وپەلەنەكات لەوەڵامدانەوەو بەجوانی بخوێنێتەوەوتێبگات ئینجاوەڵام بداتەوە ئەوڕاستیەبزانێت كەلەهەمووكارێ پەلەپەلكردن هەڵەیەوكەموكوڕی وپەشیمانی لەدوایە. وەلەكاتی تەواوبووندا پێداچوونەوەیەكی باش بەوەڵامی پرسیارەكاندا بكاتەوەو هەتاوەكوهیچی بیرنەچێت و بتوانێت سەركەوتووبێت.

٣-كارەكانی مامۆستا/پێویستەمامۆستایان پێش تاقیكردنەوەكاتێک تەرخان بكەن بۆئەوەی ڕوونكردنەوەیەكی باش بدەن لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەكان بەڕێگایەكی دروست.وەچی پێویست وگرنگە لەبابەتەكان دیاری بكرێت وچ خوێندكارێک لەچ بابەتێک پرسیاری هەیە یان بەباشی تێنەگەشتووە
ڕوونكردنەوەی تەواوی بداتێ. دواتر پێویستە مامۆستا وەک دایبابێكی دڵسۆز چەند ئامۆژگاریەكی بەسوود لەڕووەپەروەردەییەكەوەبگەیەنێت بەقوتابیان چەند خاڵێكی پەیوەندیداری گرنگ سەبارەت بەتاقیكردنەوەبخەنەڕوووەک.
(هەوڵدان،متمانە،لەسەرخۆبوون،
وەلانانی ترس ، ڕێكخستنی كات وخستنەڕووی ڕەنج وماندووبوونی خێزان لەپێناوی سەركەوتنی ئەوان و...هتد).

# هاوارنامە

## ئەحمەد حمەساڵح



هەژارێكی نیشتیمانم بەدەم ئازاری نەبونیەوە
هاواری كرد
كۆشک و تەلارتان بەمن چی
لای من نانی ئیمڕۆ و دەوای دەردم،لەپێشینەی داخوازیمە
* * *
موچەخۆرێكی بێ مووچەش
بە بەرگێكی كفن ئاسای بێگیرفانەوە
هاواری كرد
باخ و ڤێلاتان بەمن چی
لای من موچە پێشترینە
* * *
ڕۆژنامە نوسێكی دەستەمۆی،داماڵراو لە ئازادی
وێنەی باڵندەی نێو قەفەز
هاواری كرد
لای من ئازادی ئەو پەڕی خۆشبەختیمە
* * *
خوێندكارێكیش لە نێو پەروەردەی خێڵگەریەوە
هاواری كرد
قوتابی بم یان خوێندكاربم كێشە چیە
ئەوەی لای من زۆر گرنگە و نایەتەدی
بەرزی ئاستی فێركردن و فێربوونمە
* * *
لەم جیهانی گەشە و پێشكەوتنانەشدا
كەنجانی نیشتیمانم تێكڕا هاواریان كرد
كە ئێمە جێگە و پێگەوئارامیمان نەبێ
هەزاران داستانی جارانتان بە پولێ
* * *
ماندووە لەبیكراوەكانی نیشتیمانیش
كە ئازادی خوازانی دوێنێ و ئیمڕۆن
بە نێرو مێ ، لە شارو دێ
هەموو تێكڕا هاواریان كرد
ئەرێ بۆچی لە شاخ و شار
هەربەخۆمان شكۆی خاک و خەڵكمان
شكێنراو دەشكێنرێ.

# ١٣ هەناسە شیعری
## هێدی گەڵاڵی



کاتێک دەبیتە مرۆڤدۆستێکی بێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگەکان، ئەم بروسکە شیعرانە لە دایک دەبێت.

١-عەشق
هاوڕێ خوێنەرەکەم لێی پرسیم :
کامیان قوڵترن ...
عەشق یا خۆشەویستی؟
وتم : عەشق !
عەشق قوڵایی دەریاییە...
خۆشەویستی کەنار!

٢-کورتە باڵا
پێچەوانەی
هەموو کەسێ...
حەزم لە کورتە باڵایە
مەگەر ئەویش مرۆڤ نیە!
مەگەر ئەویش
وەک هەر کەسێک
هەست و نەستی لە دڵ نیە!

٣-زیندان
زۆر حەز ئەکەم
لە بری ئازادی زیندان هەڵبژێرم
بەو مەرجەی
لە دڵی تۆدا بەند بکرێم!

٤-ڕەنگ
لە زستاندا
با جلەکانت ڕەشپۆش بێ
بۆئەوەی گەرمی خۆشەویستیم
وەربگرێت و نەیدەیتەوە!
لە هاویندا
با جلەکانت سپی پۆش بێ
بۆئەوەی فێنکی ئەڤینداریم
لە جەستەتدا کۆ کەیتەوە!

٥-فەراشین
سالانێک بوو،
فەراشینی هاوینەی گەشتەکانت بووم.
دوای دابڕانێکی ئەبەدی
تۆ گەشتەکانت وەستاند و
منیش بووم بە زۆزانێکی
وێرانە

٦-موسەکین
وەک ئەو شروبە ڕەنگ قاوەیەی
لەکانی چاوت دەخۆمەوە
کەواتە تۆ
چارەسەری موسەکینی
بۆ گیانی من

٧-خوێندنەوە
پەیوەندیمان
لە کتێبێکی بچکۆلەی
گیرفانی لای چەپم دەچێ
هەموو چرکەیەک
دڵ دەتخوێنێتەوە.

٨-فاشیل
من بەرهەمی
باوکێکی فاشیل نەبوم
هەمو ژیانی خۆی پێشکەش
بە ئێمە کرد
من بەرهەمی
عەشقێکی دۆڕاو نەبوم
تەواوی تەمەنی گەنجیم
پێشکەش کرد
من بەرهەمی
حوکمێکی بێدادم
جیاوازی تۆخ کردەوە و
هەژارەکانی سەرگەردان کرد.

٩-عەدەسە
لە دەرمانخانەکەی نزیک
ماڵی خۆمان
کچێکی سپی پۆش دەبینم
بێ ئەوەی یەک حەبیشی لێبکڕم
بێ پشکنین
بە عەدەسەی نیگای چاوی
وێنەی دڵ و
هەستی گرتم!

٩-بەرکەوتن
لەو ڕۆژەوەی
خانمی پەرستار
زەختی گرتم
بە لێدانی پەنجەی نەرمی
ترپەی دڵم خێراتر بوو
دڵە کوتەی پێکردم

١٠- دڵە لەرزە
بە پلەی حەفتاو دوو چرکەی
ترپەی دڵ و
بە گوڕی یەک بومەلەرزەی
خۆشەویستیت
شاری ڕۆح و
تەلاری جەستەی منت
وێران کرد!

١١- نەمری
لەوەتەی هەین
گەمە لەگەڵ ژیان دەکەین
ئێمەی مرۆڤ ئەدۆڕێین و
ئەو براوە ...
ئێمەی مرۆڤ کۆچ دەکەین و
ئەو هەر ماوە.

١٢- کلۆم
ژووری دڵ دەرگا والایە
بۆ هاتنە ژوورەوەت
پەنجەرەشی کلۆم دراوە
بۆ چوونە دەرەوەت!

١٣-ماچ
ئەڵێن شەراب
چەند کۆن ببێ خۆشتر دەبێ
ماچی لێویش
چەند تازە بێ تەڕتر دەبێ.

# تابلۆی خۆر
## ستار ئەحمەد



تۆ ژنێکی
پەنجەکانت قەڵەم،
ڕۆحت دەفتەرو
ئەندێشەت پاکییە.
لەگەڵ خەما دەنوی..
بە ئاوات ڕۆژ دەکەیتەوە.
ڕووناکیت لەجوانی،
بەهرەت لە بەفرو
بەخشندەیت لەچیا وەرگرتووە.
فڕین نازانیت..
لەگەڵ نەورەسا هاوخاکی،
مەلە لەدەربەندەکان فێربوویت و
شەپۆل لەئاریشەت ناگا
ناچاری بەرووبار ..خەونت بسپێری.
هەردەم هێمنیت..
بۆ ژانت خواستووە.
لەدەنگا هێور دەبیتەوە،
دەگەیتە رادەی راسپاردن.
ئاینەی زام،
رابردووی ئاکام و
ئەمرۆی کاڵبوونەوە،
لە تەمەن وەردەگری.
فریشتەیەکی ..
لەتابلۆی خۆر،
نیگای ئەستێرەیا
بۆ نووری جاویدانی..
سەری پێشوەختت ..
بۆ رەهایی گڵ و خاك دادەگری.
لەرەنگا ونبوونت بزەیە..
هەڵاتنت سێبەری بێباکیی.
لە شکاندنی خۆزگە،
رۆچوونی جەستەیا..
گیانم بەهەناسەم دەبەخشم.

# چەمکی (نائومێدبوون) لای شاعیرانی کوردوچەند نموونەیەکی شیعریی

تەها عومەر



ئەوکاتەی مرۆڤ ئەگاتە دواترۆپکی نائومێدبوون ، کاتێک جوانییەکان کاڵ دەبنەوەوبەهابەرزەکان هەرەس دێنن و وەفاوخۆشەویستی ومرۆڤدۆستی دائەرمێن ، لەزەمەنێکدا کەجوانییەکان قێزەون دەردەکەون وناشیرینیەکان ئاوریشم دەپۆشن وجوانترین ئارایشت دەکرێن ، کاتێک شیرازەی هەمووجوانییەکان دەپچڕێن ، هیچ نامێنێتەوە ئاوات خواستن نەبێت بەڕابردوو ، خەون وخەیاڵی گەڕانەوەبۆسەردەمەجوانەپڕلەموحیببەتەکانی زوو .

هەمووئەمانە گەرلای مرۆڤێکی ئاسایی قورس وگران بن ئەی ئاخۆلای شاعیرونووسەروهونەرمەندێک کەخاوەن خەیاڵ ودنیابینییەکی فراوانە ئەبێ چۆن بکەوێتەوە؟!

دووجەنگی گەورەی جیهانیی مرۆڤایەتییان تووشی نەهامەتی وداڕووخانێکی گەورەی ئابووری وکۆمەڵایەتی ودەروونی ورۆحی کرد وشارستانێتییان چەندبەچەند گەڕاندەوەبۆدواوە .

لەدوای جەنگەجیهانییەکانەوەجۆرەهاڕێبازی ئەدەبی وهونەری پەیدابوون کەتەعبیریان لەونەهامەتییانەدەکرد ، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ڕێبازی دادایزم وسریالیزم لەدایک بوون ، کەتەعبیریان لەنائومێدبوونی مرۆڤ ئەکرد ، دادایییەکان هێندەڕەشبین بوون خۆیان شاعیروهونەرمەندبوون وکەچی گاڵتەیان بەهونەروئەدەب ئەهات ، بەپێناسەی ئەوان دەبووئەدەب وشیعروهونەر خاڵی بن لەماناوتەعبیرلەهیچ وپووچی وپووچگەرایی بکەن ، سمێلیان بۆپەیکەرەکەی مۆنالیزادروست دەکردو پیشانگایان لەشوێنی نادروستی وەک ئاودەستخانەدەکردەوە ، ڕێبازی وجوودیەت وعەبەسیەت پەیدابوو ، شانۆگەریی لەچاوەڕوانیی گۆدۆداوبەردی سیزیف باسیان لەچاوەڕوانیی بێ ئاکام وبێ بەرهەمی مرۆڤ دەکرد .

نووسەرانی گەورەی وەکو ساموێل پیکیت وجان پۆڵ سارتەرو سی مۆن دۆبۆڤوارو ئەلبێر کامۆ ئەمانەهەرچەندەلەلوتکەی ڕەشبینیشدابوون بەرامبەرهەمووشتێک بەڵام دواجاردەیانویست نرخ وشکۆوکەسێتی بۆتاکەکانی کۆمەڵگا بگێڕنەوە .

دیارە بێگومان ئەدەبی کوردیش بەدوورنەبووەلەم هەموبارودۆخەدژوارەوکاتێک شاعیرانی کوردخەونیان بەپاشەڕۆژێکی ڕووناکەوەبینیەوەبۆکۆمەڵگای کوردی ، کەچی بەپێچەوانەی خەونەکانیانەوەکۆمەڵگاڵەخەونی بێئاگاییدانغرۆبووبوون وتاکەکانی کۆمەڵگا سەرمەستی بەرژەوەندیی تایبەتی ونۆکەریی بێگانەونیفاق ودووڕوویی وهەڵپەی پارەوماستاوچێتی بوون ، بۆیەئەمانیش زۆرجار بێئومێد بوون لەهەمووشتێک وتووڕەیی وداخی دڵی خۆیان بەشیعر هەڵرشتووە ، لەم ڕووەشەوەمامۆستافایەق بێکەسی شاعیر لەهەمووان زیاترداخ لەدڵەوشیعری لەوبابەتەی لەهەمووان زیاترە

والێرەداچەندنموونەیەک دێنینەوە :

لەشیعری (داخی دەروون) دادەڵێت:

کوردئەبەدناگاتەمەقسەدنۆکەری بێگانەیە
دوودڵن پیسن لەگەڵ یەک بۆیەوابێ لانەیە
میللەتێکن بۆنەمانی یەکتری هەرهەوڵ ئەدەن
داخەکەم وردودرشتی شێت وشەیدای ئانەیە
سەنعەت وعیلم ومەعاریف زەڕڕەیەک باوی نییە
پیاوەتی لایان بەتەنهاچەفتەووجامانەیە
تاکو دوایی.

لەشیعری ( تووشی لافاوی عیلم بووم) دەڵێت

تووشی لافاوی عیلم بووم وبەڵام زوودەرپەڕیم
سواری واپۆڕی جەهل بووم وبەناویاتێپەڕیم
سەدشوکرئۆخەی نەجاتم بوو لەباسی عیلم وفەن
نام گرن جارێکی تر بۆیەلەکەیفاهەڵپەڕیم
گەرچی تائێستاوتوومە تێ بگەن زوویێ بگەن
بەوقسانەم قەتعییەن باوەڕمەکەن سەگ بووم وەڕیم
خوێندەواری شێتییە هەرجەهلەئینسان سەرئەخا
گەرلەمەولاناوی عیلمم بردبزانن سەرسەریم
تاکودەڵێت :

شەرتەکەربم بارەگوێزم لێ بنێن خرڕەی نەیێ
بادەمێ زۆروکەمێ وەک بێ غەمێ بۆخۆم بژیم
دیارەشیعری تریشی زۆرەلەوبابەتەبەڵام بۆئەم باسەهێندەبەسە .

یەکێکی ترلەوشاعیرانە قانعی شاعیری چەوساوەکانە مامۆستاقانع لەشیعری چۆنیەتی زەمانەدا دەڵێت:

بێ حەیایی باوەئەمڕۆ قوربەسەرداکاحەیا
کەندەڵان سەربەرزوشادەخۆی بشارێتۆچیا
گوڵ ئەگەرئەقڵی ببێ قەت سەرلەخاک ناکاتەدەر
چونکەڕۆژی دڕک ودڵەوگەرمیی بازاڕی گیا
هەتادوایی

لەشیعری وەسیەت بەپێی ڕۆژگار دەڵێت
ئەی ڕۆڵەنەبی تالبی ئینسانی یو ویژدان
زینهار نەکەی مەیل وهەوای خوێندن وعیرفان
خۆت کەرکەلەهاوارودسەدای شیوەن وگریان
گەرتۆدەتەوێ ڕێت بدەنەمەجلیسی پیاوان
دیوانەسیفەت ، هەرزەرەووش ، ئەحمەق ونادان
هەتاکودوایی شیعرەکە

دیارەئەمیش شیعری لەوبابەتەی زۆرەبەڵام باهێندەبەس بێ
مامۆستاکامەران موکری لەشیعرێکدا دەڵێت :
گوڵاڵەی شادیم لەگەشیدایە
هیچ بایەک نیە هەڵیوەرێنێ
دڵیشم وەکوپارچەی پۆڵایە
کەس توانای نیەتێکی شکێنێ

بەڵام کاتێک دەبینێت لەکاروانی خەباتا بەتەنیایەوهاوڕێ وهاوخەباتەکانی جێیان هێشتووە لەداخی دڵی خۆی بێ ئومێدانە ئەم شاکارەجوانەدەنووسێت :

وەک بەتەنیا هەنگاو بنێم وەهایە
کەس لەگەڵمابەرەورووناکی نایە
ئەوکەسانەی هاوڕێگەمن وەک من نین
چاوچنۆکن هەربۆگیرفانیان ئەژین
هەش بەسەروزەبوون ئەوهەژارانەن
کەچاوەڕێی ڕەنجی درۆی ئەمانەن
شاعیری گەورە پیرەمێردی نەمریش دڵێت
بلێ : له الحمد ئەم گەلی کوردە
بۆشتی بێ فەربەدەست وبردە
نیفاق وفیتنەوجاسووسی وقومار
تیایاشارەزان وەکودانی مار
تاکۆتایی شیعرەکە

شاعیری عەشق وئەوین مامۆستامەدهۆشیش دەڵێت
خۆزگە ئەمزانی زەمانە حیزی بۆچ واخۆش ئەوێ
وەک براوباوکی وەهایەنایەڵێ قەت ژێرکەوێ
تاکو دەڵێت :

خۆنەجیب وخانەدان ئێستاکە ناوی ون بووە
نیشتمان پەروەربەشی لێدان وحەپسەوتیاچووە
شیعروزانینیش وەکوخڵتەی قوراوژێرکەوتووە


لەکۆتایی نووسینەکەمدادەڵێم مەبەستم لەم نووسینەولەونموونەشیعرییانەئەوەنیە خەڵک ساردکەمەوە لەجوانیی ژیان ولەبەنرخیی دڵسۆزیی نیشتمان وهاوڕێیەتی و وەفاوڕاستگۆیی وگشت بەهاجوانەکان وئەوشاعیرانەش تەنهاداخی دڵی خۆیان هەڵڕشتووە بۆپشتگیریی قسەکەیشم بەم دوودێڕەبەرزەی شاعیری گەورە مامۆستافایەق بێکەس کۆتایی بەنووسینەکەم دێنم

گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ وگیرفان پڕئەکەن
شەوبەبێ خەم سەرئەنێنەسەرسەرین هەرسەرسەرین
پیاوئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەوکەسانەی بێخەمن حاشا نەوەی ئەم خاکەنین

بۆئەم باسەسوودم لەدیوانی ئەوشاعیرانەوەرگرتووەکەناوم بردوون :

دیوانی بێکەس ، دیوانی قانع ، دیوانی پیرەمێرد ، یانەی دڵان بەرگی دووەم(دیوانی مەدهۆش)






# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

38 ساڵ بەسەر شەهیدبوونی پۆلێک فەرماندەو هەڵوی بەرزەفڕی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تێدەپەڕێت

یادی [ 38 ] ساڵەی شەهیدبوونی چوار هەڵۆی بەرزە فڕ شەهیدی( فەرماندە دارای مامە قالەی سەیدان و شەهید نیزام کۆچەکی و شەهیدحەمەشکور کلاوقوتی و شەهید پێشڕەو کاکەیی ).

[ ماڵـئـاوایی ]

ئێوە ئەستێرە وئێوە چرا ی ڕووناکی
ماڵە هەژارو جوتیارەکانی لادێ بوون و
بە ئومێدی ژیانێکی نوێ لە دڵیانە داگیرسابوون .
هەر ئەو شەوە پریاسکەی ئومێدەکەنتان
کۆکردەوە و پێش ئەوەی سەفەری ماڵئاوایی بکەن
بە زەردەخەنەوە یەکەیەکە
مناڵە ڕەش و ڕووت و چاوگەشەکانتان
دەگوشی بە خۆتانەوەو ماچتان دەکردو
بەچاوەکانتان دیاربوو ماڵئاوایی
هەتاهەتایی دەبەخشنەوە
هاوڕێیان یادتان بەخێر
هەناسەکانتان ئێستا
هەناسەی گەرمی باوکی شەهیدانە
خوێنتان گوڵاڵەسوورەی بەهاری کوردستانە
دەنگ و ڕەنگتان
لای لایەو دڵۆپە فرمێسکی دایکە بێ ناز و و
خوشکە ڕەش پۆشەکانی کوردستانە .

▲تێبینی شیعری ( غ . خ )

▼ژیاننامەی شەهیدان

◈شەهیدی فەرماندە (دارای مامەقالەی سەیدان ) جێگری تیپی ( 21 )ی کەرکوك، لەساڵی( 1957) لەدایك بووە و لەساڵی (1977) بووەبەڕێکخستن ،لەساڵی (1980) بووە بەپێشمەرگەو فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان بووە لە (1986/5/31)شەهید کرا.

◈شەهید (نیزام کۆچەکی )لەساڵی (1961) لەدایك بووە لەساڵی (1980) بووەبە ڕێکخستن ،لە (1982 ) بووە بەپێشمەرگە، لە (1986/5/13)شەهید کرا.

◈شەهید (پێشڕەو کاکەیی ) لەساڵی (1966) لەدایك بووە ، لەساڵی (1980) بووەبە ڕێکخستن ، لەساڵی (1983) بووە بەپێشمەرگە، لە (1986/5/13)شەهید کرا.

◈شەهید (حەمە شکور کلاو قوتی )لەساڵی (1965) لەدایك بووە ، لەساڵی (1982) بووەبە ڕێکخستن،لە (1985) بووە بەپێشمەرگە، لە (1986/5/13)شەهید کرا.




● هەزاران هەزار سڵاو و گوڵباران لە ڕوحە سپی و بە هەشتیەکەی (شەهیدی فەرماندە دارای مامە قالەی سەیدان و شەهید نیزام کۆچەکی و شەهید پێشڕەو کاکەیی و شەهید حەمە شکور کلاوقوتی) و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کـوردو کـوردستان .

لە یادەوەری پێشمەرگە دێرینەکان وەرگیراوە

# گوێچکە، ئەندامە فەرامۆشکراوەکەی تاکی کورد!



د. کامەران مەنتك
2024\5\18

زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، سەیری مۆبایلەکەم کرد، ناوی یەکێك لەوانە دەرکەوت، کە وەك دەڵێن تەمەنێکی زۆری لەگەڵ وشەی کوردیدا بەسەر بردبوو! لەگەڵ وەڵامدانەوە، کەوتە ئاخاوتن، زیاتر لە نیو کاتژمێر قسەی کرد، رای خۆی بەوردی دەربارەی نوسینێکم دەربڕی، منیش زۆر بەوردی گوێم بۆ رادێرا، کاتێك ئەوەی دەیویست گوتی، بە بێئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت، کە من چی دەڵێم، ماڵئاوایی کردو تەلەفۆنەکەی داخست!

ئەوەی لەم بابەتەدا دەمەوێ بیخەمە بەر تیشکی شیکردنەوە، مەسەلەی گوێگرتنە، یەکێك لە دیاردە قێزەونەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی، گوێنەگرتنە، زۆرینەی تاکەکان تەنیا دەیانەوێت قسە بکەن، کەم کەس تواناو حەوسەڵەی گوێگرتنی ماوە، بەرامبەرەکەی هەر کێ بێت ولە هەر ئاستێکدا بێت، شەڕ لەسەر ئەوە دەکات بە ناچاری ولەبەر ئەو داب ونەریتەی، کە پڕە لە شەرم وریزگرتنی بەرامبەر لە کۆمەڵگەی کوردی، ناچاری دەکات گوێی بۆ رادێرێت، بابەتەکەی بەدڵ بێت یاخود بە دڵ نەبێت، دەبێت گوێی بۆ رادێرێت، چەند سەرە ناونیشانێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێنێتەوە، کە سێك ناچار دەکات گوێی لێبگرێت، کە هەموو تەمەنی خۆی لەم بوارە سەرف کردووە، کە قسەر قسەی لەسەر دەکات بە بێئەوەی بواری ئەو بدات، وەڵامیشی بداتەوە. ئەم دیاردەیە رەنگدانەوەی نەزانیی ودواکەوتوویەکی گەورەیە، کە خەریکە بەرۆکی تاکی کوردی دەگرێت، چەند ساڵێکی کەم بەر لە ئێستا دۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو، پێگەی گوێگرو قسەکەر دیار بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پێگەیەیە خەریکە نامێنێت، دیارە ئەمەش سەرەتای فەوزایەکی هزرییە وا خەریکە بەقووڵی کۆمەڵگەی کوردی داگیردەکات.

بۆئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە قێزەونە بکەین، دەبێت تاکی کورد ئەوە بزانێت، کە توانای گوێگرتن زیاتر ئاستی رۆشنبیری وتێگەیشتنی تاك نیشان دەدات، وەك لە توانای قسە کردن، تۆ ئەگەر بتەوێت بەجوانی قسە بکەیت، دەبێت سەرەتا خۆت فێری گوێگرتن بکەیت، دەبێت ببیە گوێگرێکی باش، لەبەرئەوەی گوێچکە ئەو دەروازەیە، کە شێوازی بیرکردنەوەی بەرامبەرەکەت وەردەگرێت وئینجا رەوانەی مێشکی دەکات، هیچ زانیارییەك ناچێتە ناو مێشکی مرۆڤ، بە تایبەتی زانیارییە دەنگییەکان، بە بێئەوەی بە گوێچکەدا تێبپەڕێت، بۆیە ئەگەر قسەکردن جارێك هونەر بێت، ئەوە گوێگرتن گەورەترین هونەرە، بۆئەوەی تێبگەین دەبێت سەرەتا گوێبگرین، قسەی بەرامبەرو دەوروبەرەکەمان وەربگرین، ئینجا قسەی خۆمان بکەین وبیرورا وتێگەیشتنی خۆمان بۆ بەرامبەر دەربڕین، بە پێچەوانەی ئەمە هیچ گفتوگۆیەکی تەندروست دروست نابێت!.

کەواتە بۆئەوەی خۆمان لەگەڕەلاوژەی قسەکردن بپارێزین و قسە لەپێناو قسە نەکەین، دەبێت گوێبگرین، دەبێت لەوە تێبگەین گوێچکە یەکێکە لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤ وفەرامۆشکردنی، رێگە لەدروستکردنی ئەو کەسایەتییە دەگرێت، کە بتوانێت لە ئەرك وبەرپرسیارییەتییەکانی قۆناغەکەی خۆی تێبگات، قسەکردن بە بێگوێگرتن جۆرە دۆگمایەك دروست، کە رێگەنادات مرۆڤ هەنگاوێك لەو چوارچێوەیە دوور بکەوێتەوە، کە بۆخۆی کێشاوە! هەر لەرێگەی شێوازی گوێگرتنیشەیەوە، مرۆڤ دەتوانێت ئاستی بەرامبەرەکەی هەڵسەنگێنێت، گوێگرتن نیشانەی ئاستێکی هوشیاری بەرزە، بەپێچەوانەی قسەکردن، کە ئەگەر بەبێگوێگرتن بەردەوام بێت، بەهاکەی هەرچییەك بیت وردە وردە لەدەستی دەدات و نەك تەنیا زیان بەگوێچکەی بەرامبەرەکەی دەگەیەنێت، بەڵکو زیان بەخودی ئەو پەیامەش دەگەیەنێت، کە دەیەوێت لەرێگەی قسەکانەوە بیگەیەنێت. هاوکات لەرێگەی گوێگرتنەوە دەتوانین ئاستی کۆمەڵگەی هوشیار دەستنیشان بکەین، بۆ نمونە ئەو کۆمەڵگەیانەی تەنیا دەیانەوێت قسە بکەن، بەبێئەوەی گوێبگرن، لە زۆربەی کات لەقۆناغەی داهیزران وداتەپیندان ولەچوارچێوەی گفتوگۆیە سۆفیستییەکان دەخولێنەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێشبکەوین، ئەگەر بمانەوێت سەرکەوین، بەر لەهەموو شتێك دەبێت خۆمان فێر بکەین چۆن گوێ دەگرین، نەك چۆن قسە دەکەین!



# گەشتەکەی مستەر ریچ بۆ کوردستان

عەلی زەڵمی

گوێ لە کتێبی دەنگی گەشتەکەی ڕیچ ،کلۆید جەیمس ڕیچ ئەگرم کە باسی گەشتەکەی دەکات لە شاری بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان لە بەهاری ١٨٢٠. دیارە ئەم گەشتە دۆکیومێنتکی گرنگی مێژوویە و زۆری لەسەر وتراوە لێرەدا هەندێ شت سەرنجی ڕاکێشام تا ئەو شوێنەی پێی گەیشتوم کە ١٢ی مانگی پێنج ساڵی ١٨٢٠ە، کە ئەوەندەی بەکەڵکی خوێندنەوەی فەیسبوك بشێ لەگەل ئێوە بەشی ئەکەم:

*لەڕێگادا لای بازیان باسی ئەوە دەکات کە ئاوهەوا گۆڕاوە وەك پێشتر نیە ، دیارە هەر جیلێك پێی وایە ئاوهەوا گۆڕاوە. هەر لەسەر کەشوهەوا زۆربەی کاتەکان ئاوهەوای سلێمانی لەمانگی پێنجدا لە نێوان ١٨ تا ٢٠ پلە بووە لە ڕۆژدا.

*لە سلێمانی میوانی مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای میری بابان بووە. لەیەکەم دیداردا میر زۆر تەوازع.و تەنانەت بچووکی ئەنوێنێ بەجۆرێ هەموو کاتەکە لەسەر چۆك دادەنیشێ هەتا بەڵکو بەریتانای عوزما خۆی و دەسەڵاتەکەی بپارێزێ لە هێرشی عوسمانیە تورکەکان و ئێرانیەکان.

*ڕیچ زۆر موعجیب ئەبێ بە مەراسیمی پێشوازیەکە بەڵام کۆشکەکەی میری زۆر بەلاوە سادە و بچووك ئە بێ و بێ ڕەونەق بووە ،میر لەمە تێدەگات دەڵێ هیچ پێویست ناکات کۆشکی گەورە دروست کەین چونکە سبەی یا تورك یان ئێرانیەکان ئەیڕوخێنن.

*یەکێك لە کەسە نزیکەکانی میر لەگفتوگۆی ئەگەری هێرشی تورك یا ئێرانیەکان بۆ سەر ئەمارەتەکە ئەڵێ بە ڕیچ ئەگەر میرەکانی خۆمان خۆخۆر نەبن و یەکگرتوو بن ئەوەندە پیاوی ئازامان هەیە بەرگری لە دەسەڵاتەکە بکەن.

*ئەوەشی تۆمار کردوە کە سلێمانی لەپاڵ زۆری مێشولە و خانووی قوڕی بچکۆلە و کێچی زۆر بەڵام ئەهلی زەوق و باق و بریق بوون ئافرەتەکانیان شان بەشانی پیاوان لە بازاڕکردن و شوێنی گشتیدا بینراون ئەمەش بەچاو ناوچەکەدا گرنگە.

لەکۆتایدا ئەکرێ بوترێ ئەم گەشتەی ڕیچ تاکە تۆماری گرنگی مێژووی ئەوروپیەکانە لە سەدەی ١٩ دا بۆ کوردستان ئاوا بە وردی شتی تۆمار کردبێ، ڕیچ لانی کەم هەشت زمانی زانیوە و تازە زانیم خەڵکی ئەم شارەیە منی تیا ئەژیم برستۆڵ. ئەگەر شتی دیکە سەرنجی ڕاکێشام لێرە پۆستی دەکەم.

سایتی زەمەن

# چەتەی تارمایی







هەتاکو دەستنوێژی تازەی چاوەڕوانیم نەشکاوە
هەتاکو هەوری خەیاڵم پروشەی شیعری پێماوە
هەتاکو ئەم ڕاڕاییەم لەرزێکی تر لێینەداوە
هەتاکو بە یەکجارەکی ڕۆحم لە چڵی شکاوی پەشیمانی نەئاڵاوە
وەرە و بە تریفەی دڵت چوارگۆشەی شەوم سور بکە
ڕومەتی زەرد هەڵگەڕاوی تەمەنی عەشقم مۆر بکە
نەبا مردن خۆی بخاتە نێو ئەم دەرونە شێواوە
وێنەیەکم بۆ بنێرە با دەست بخاتە سەر ئاخم
با فرێیبداتە دەرێ پەڕوپاتاڵی نێو ناخم
خەریکە هەستم لاڵ ئەبێ...خەریکە عومرم تاڵ ئەبێ
واز لەم دوودڵیە بێنە...خێراتر هەنگاو هەڵبێنە
لەبەر نیگام ڕامەوەستە...وەرە ژورێ و
شوشەی گەرمی ئەم بێدەنگییەم بشکێنە
وەختە گڕ بگرێ هەناوم...وەکو تانە تینوێتی چۆتە سەرچاوم
بە سێبەری پێکەنینێکی شەرابی دامبپۆشە
لە بەفراوی ڕۆحی خۆتم هەڵکێشە
سیساڵ بەلامەوە بگری...ڕەنگی ئازارم بپۆشە
من دەمێکە بە شوێن شپرزی و شێواوی و تورەبوونما ڕائەکەم
ئەمەوێ جارێ خۆم بگرم...دوو قسە بە لاقەدما کەم
بچوکیم لەژێر پێی خەڵکا بچنمەوە
بچمە ژێر باڵی شکستیم...داوێ بۆ خۆم بنێمەوە
بەڵکو هەندێ زیندەوەری نێو جەنگەڵی ڕۆحم ڕاوکەم
بە چاوانم نەختێ گومان لە خوێناوی برینما کۆبکەمەوە
نامەوێ بە دەستی بەتاڵ برسێتیم ئاشتبکەمەوە
گەر نەتوانم تێر لە خۆزگەم بخۆمەوە
گەر نەتوانم خۆم لەگەڵ خۆما بێنمەوە
لە زیندانی یەک کەسیدا تەماشام ئەبەستمەوە
بە پێی یاسا بۆچونەکانم دیل ئەکەم
حکومێکی هەتا هەتایی بۆ قەدەرم ئەبڕمەوە
ئیعتراف لەسەر خۆم ئەکەم...چەند جار لێوی هەوای ئاڵم ماچ کردبێ
چەند جار دەستم بۆ سنگی پڕ لە پرشنگی هیچ بردبێ
ختوکەی چەند شۆڕە بەردی شەنگم دابێ
چەند ئازار لە ڕەق و تەقیم نارەزابێ
لەبەردەم دادپەروەریما هەر هەمووی ئەنوسمەوە
دان بە تاوانما ئەنێم...پەڕە پەڕەی خائینیم ئەخوێنمەوە
دوای هەڵهاتنم ئەکەوم...لەسەر ڕێگا گوناهەکانی
گەنجێتیم ئەدۆزمەوە
کەمین بۆ عەقڵم دائەنێم...گەمژەییم ئەڕۆخێنمەوە
ئەبم بە چەتەی تارمایی...ئارامیم ئەپوکێنمەوە
لە تولەڕێیەکی باریکا یەخە بە ڕەشەبا ئەگرم
لە ژێر دێڕێکی تاریکا خۆم دائەگرم...کاروانی سەبرم ڕائەگرم
سەبوریم ئەڕوتێنمەوە
ئەگەر ئەمجارە خۆم بگرم...وەک جاران ئەبمەوە بە خۆم
گریانم ڕوون ئەکەمەوە...لەسەر سینەت هەرچی بەدبەختیمە ئەیخۆم
یا کۆتاییم ئەنوسمەوە...یا بە سۆزی گفتوگۆی تۆ
ڕەشبینی سەر دڵم ئەشۆم.

**ئازاد مارف**

کچانی خۆریی *
کچانی وڵاتی خۆر قەت نامرن
کە شەهید ئەبن
ئەبنە پرشنگ،،،،
ئەبنە گڕوتین
ئەچنەوە نێو بەرگی هەتاو
ئەبنەوە بە تویکڵی زەوی و
ئەچنەوە نێو هەناوی ئاو
کچانی وڵاتی خۆر قەت نامرن
کە شەهید ئەبن،
ئەچنەوە نێو دووتوێی مێژو
ئەبنەوە بە راستییەکی سەلمێنراو،
بە جەدەلێک؛
لەسەر رابوردوو،،،،
کچانی وڵاتی خۆر قەت نامرن
کە شەهید ئەبن
ئەبنە هۆزانڤان،،،
ئەبنەوە بە پروشەیەکی سارد
بە سروەیەکی شمشاڵژەن
بە ورشەیەکی گۆرانیبێژ.
ئەگەر بەبرین و خوێنەوە بیاننێژی
ئەبنە حەیرانبێژ
ئەو کاتەی دەیانبەن بۆ ناشتن
دەکەونە لاوکچڕین:-
لێ لێ وەی لێ لێم، لا لۆ لۆم
دوو تورەکەی لێوان لێوم؛
لە خەم و باریی
بەسەر هەردوو شانە شکاوەکانی
خۆمەوەم
رۆژانە بۆ هەرکوێ ئەڕۆم
لە گەڵ خۆمدا دەیانگێڕم
بارێک نائومێدییم؛ بەسەر سنگمەوە
رۆژانە بە فرمێسکی چاوم،
خۆم دەدێرم،،،
لێ لێ لە لالیا،،،،
جووتێ پێڵاوی شوناسم لە پێدایە
یەکیان لە مارکەی هەڵۆیە و
ئەویتر چیا،،،،،
کەچی خۆم وەک فرۆکەی رێبەرێکی قەدەغە
مۆڵەتی نیشتنەوەم نییە،
نە ئەوروپا،،،،،
نە ئەفریقیا و،،،،
نە لە ئاسیا،،،،!
ئەمن بێ نیشتمانترین،
نیشتمان داگیرکراوم،،،،،


شەهید ئەڤین


شەهید شیرین عەلەم هولی


شەهید نەسرین قادری


شەهید ئارین مێرکان


شەهید نەسرین عەبدوڵا


شەهید ساکینە جانسز


شەهید لەیلا قاسم


شەهید ئاڤێستا خاپور


شەهید نەسرین حەداد


شەهید لەیلا عەلی والی
(شەهید ڤیان جاف)

تێبینی
دیزاینی تابلۆی شەهیدەکان
یاسین حەسەن کردۆتی

ئەمن ئەو دارستانە چڕە، براوەیەم
لە وڵاتی خۆم،
بۆ سەر خاکی دوژمنەکەم؛
بارکراوم،،،،،!
لێ لێ وەی لێ لێم، لا لۆ لام
ئەمن ئەو رووبارەم.
رێم لێگیرا،،،،
بە کەناڵی هەزاران ساڵەی رێڕەوما
بڕژێمەوە دیجلە و فورات
لە "گاب " دا دەستبەسەرکرام
ئەمن ئەو تاڤگە بەخورانەی دوندی زاگرۆسم
نابێ کەوانەی زێڕین تێپەڕێنم و
لە تویێشووی مێژودا هەڵگیرام،،،،!
لێ لێ لەلا لێ،،
ئاخر لە کوێی ئەم دنیایە ئاو بەند ئەکرێ؟
جۆگەلە دادگایی ئەکرێ و،
زێ حوکم ئەدرێ؟
پەیوەندی پێڵاو و زەوی یاساغ ئەکرێ!
ئەمن ئەو خاکەم،
بـــــــــــــۆم نییە،
خاکی میللەتەکەی خۆم بم
ئەمن ئەو شارەم،
بـــــــــــــۆم نییە،
شەقامم لە ناودا هەبێ
ئەمن ئەو پەرتوکەم،
بـــــــــــــۆم نییە،
قەت بنوسرێ!!
ئەمن ئەو باڵەم کە نابێ، بکرێمەوە!
ئەمن ئەو هەڵۆیەم کە نابێ، بچێتە ئاسمان!
ئەمن ئەو زمانەم کە نابێ، لە دەما بم!
ئەمن ئەو چاوەم کە نابێ، تۆڕم هەبێ!
ئەمن ئەو شەهیدەم کە نابێ،
گـــــــــــــــــــۆڕم هەبێ،،،،!!
لێ لێ،
لەلا لۆم،،،،،
ئەمن بۆ دەبێ یاساغ بم،
بێگانە بم،
بە زێدی خۆم؟
کچانی خۆریی
قەت نامرن
کە شەهید ئەبن.
ئەبنەوە بە منااڵ
ئەبن بە دووچاوی کەژاڵ
لێ لێ ،
وا وا لێ!
ئەم رووناهییە ئاوا نابێ
ئەم سارایە زۆر بەرینە و
ئەم رۆژبینە زۆر بەتینە و
ئەم ژینایە بوو بە شۆڕش و
ئەم ناگیهانە بوو بە چەمک و
ئەم لەیلایە بوو بە ئازادی و
ئەم بێریتانە بوو بە تاڤگە و
ئەم شیرینە بوو بە سەروەریی و
ئەم نەسرینە بوو راپەڕین و
ئەم خەجە باوە بوو بە دروشم و
ئەم ئاڤێستایە بوو بە سروت و
ئەم ئارین مێرکانە بوو بە کانی و
ئەم ئەڤینە بوو بە لاوک و
ئەم رەنگینە بوو بە تابلۆ و
ئەم شیفایە بوو بە نوچە و
ئەم روکەنە بوو بە رۆمان و
ئەم هەموو روفاتە بوون بە خاک و
ئەم هەموو ژنە بوون بە داستان و
ئەم هەموو ستەمە بوون بە برین
لێ لێ وەی لێ لێ
ئەم گۆرانییە، قەت تەواو نابێ
ئەم هەڵبەستە شکڵ ناگرێ
کچانی خۆریی بەردەوامن
لە شەهیدبوون
لە لاوکچڕین
لە برین ژەنین
دەلالۆ، لا لا لین!
کەژاڵ نوری
هۆڵەندا
٢٠-١٠-٢٠٢٣

*خۆریی: کورد لە سەردەمانێکی کۆندا پێی وتراوە خۆریی، یان هۆریی


نەقیبی پێشمەرگە، شەهید رەنگین یوسف


شەهید شیفا گەردی


شەهید خەجەباوە


شەهید رووناهی


شەهید بێریتان


شەهید روکەن


شەهید رۆژبین


شەهید ژینا ئەمینی


شەهید ناگیهان ئاکارسەل

تێبینی
دیزاینی تابلۆی شەهیدەکان
یاسین حەسەن کردۆتی




# بیرەوەری

لە رۆژێکی وەك ئەمرۆ لە ١٩ی ٥ی ١٩٨٧ لە شاری قارەمانان و بێشکەی شۆڕشی گەلەکەمان شاری پاشای گەورە. ڕەواندزی سەر بڵند ڕاپەری...

شاری ڕەواندز شارێکی کۆن و خاوەن مێژویەکی دەوڵەمەندو پڕشەنگدارە و دەیان و سەدان سەروەریی و داستان و سەرکەوتن و خۆراگری و مێرخاسی لاپەرەکانی مێژووی ڕەواندزی ڕازاندۆتەوە ،

سەدەی ڕابردووش شانۆی ململانێی هێزو دەسەڵات و دوژمنەکان بووە، لەم پێناوە بۆتە قوربانی و زیانێکی زۆری پێگەیشتووە ، لەلایەکی ترسەروەری و بەرخودانی و مێژویەکی پڕشانازی بەخشیووە بەم شارە،کە بەرامبەر هیچ هێزێکی داگیرکەر سەری بەرزی نەوی نەکردووە

لەسەردەمی رژێمی بەعسیش دەیان شەڕو داستانی گەورە لە چیاکانی ئەم دەڤەرە بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم شارە تۆمارکراوەو بەعس هەمیشە شەرمەزاروشکستخواردوو بووە لە ڕەواندز لەوانەیە ئەو شەرمەزاریە زۆر گەورە بێت کاتێك جەماوەری شاری ڕەواندز لە 19-5-1987 ڕاپەرین و شاریان لە پۆستاڵ ڕەشەکانی بەعس پاککردەوە ، لەو کاتەی رژێم یەکێك بوو لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان ، کەچی لە ڕەواندز لە بەرامبەر جەماوەر چۆکی دادا و ریسواکرا.

رژێمی بەعس بەمەبەستی سوتاندن و وێرانکردنی گوندەکانی دۆلی ئاکۆیان رۆژی 17-5-1987ژمارەیەکی زۆری سەربازی و چەك و تەقەمەنی و تانك و فرۆکە جەنگیەکان هێرشی کردە سەر گوندەکانی دۆلی ئاکۆیان بەڵام خۆڕاگری و ئازایەتی پێشمەرگەو ڕۆلەکانی ئەم دەڤەرە لە بەرامبەر دوژمن وەستان و نەیانهێشت هەنگاوێك بنێن بۆ پێشەوە وژمارەیەکی زۆری سەربازیان کوشتن لە کاتی هێنانەوەی تەرمی کوژراو بریندارەکان لە گەرەکی ناورەزانی رواندز کە خەڵکێکی زۆر بەدیار سەیرکردنی بەرەکانی جەنگ بوون ولە لایەن منداڵ و گەنجان فیکەو هۆیهایان بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکرد کە تەرمی کوژراو بریندارەیان تیدابوو، ئەمەش وایکرد سەرانی بەعس تورە بن ولەو کاتە ملازمێك لەگەڵ چەند چەکدارێك هاتنە لای خەڵك و ویستیان بەترس و هەرەشە بڵاوە بەخەڵك بکەن ، بەڵام نارەزایی خەڵك و فیکەو هۆیهای منداڵان وگەنجان وایکرد شوێنەکە بەناچاری چۆل بکەن.ئەمجارە ژمارەیەك سەربازی بەعس هاتن و شۆفەڵێکیان پێ بوو بە مەبەستی رووخاندنی خانووەکانی ئەم گەڕەکە ، تکاو پارانەوەی ژنان و هێنانی قورئان بۆ نێو دەمی شۆفەڵ هیچ سوودی نەبوو ، ئەوبوو خانووی (خدری حوسێن پاچۆ) یان تەختکرد ئەمەش بووە هۆی زیاتر رقو کینەی جەماوەر و ئەو خەڵکەی لەوێ بوون لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقە لە سەربازەکان کران و هەڵاتن لە رێگا تەقەیان لە خاوەن شۆفەڵەکە کرد و کوشتیان و شۆفەڵەکەش خۆی بە ستوونێکی کارەبادادا و بەماڵی حاجی قادری ئاکۆیی کەوت و لایەکی ماڵەکەی روخاند و شۆڤلێتێکی سەربازیش کەوتە بەر دەستریژی گوللەو ئەویش خۆی کێشا بە دوکانی مام عەزیز گەرەوەیی و ژمارەیکی زۆر سەرباز لەسەر جادەی گەرەکی ناورەزان کوژران ، لێرەدا ناکرێت رۆلی ئەو جاشانە لە یاد بکەن کە رۆلیان هەبوو لە بەرپاکردنی شەرو کوشتنی ئەو سەربازانە و هاندەرو رێخۆشکردن بۆ راپەرینی شار، دواتر ئەمە بووە وورە بەخشین بەجەماوەرو هێرش کرایە سەر (منظمەی رواندز) و دام و دەزگاکانی بەعس و توانرا لەماوەیەکی کەم دەست بە سەر سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت بگیرێت و ڕەبیەو مۆڵگاکانی سەربازی لە دەورو بەری شار . مام ئەحمد زینەدین بە خەنجەرەکەی خۆی هێرشی کردەە سەر بەعسیەکان و شەهید کرا ، ئەمەش یەکەمین شەهیدی ئەم راپەرینە بوو .لەماوەیەکی کەمدا شار لە بەعسیەکان پاککرایەوە شار بەدەرکران، ناکرێت هەلوێستە جوانەکەی خالید نوری باویل ئاغا لە بیر بکەین کە چەك و تەقەمەنی بە سەر خەڵك دابەشکرد ، تا ڕوو بە ڕوی بەعس ببنەوە. لەوکاتەی ڕەواندز ڕاپەری بەعس لە درەندەترین ڕژێمەکانی دونیا دەژمێردرا و خاوەن چوارەمین وڵاتی زلهێزی جیهان بوو لە ڕووی سەربازی و چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو. دواتر خەڵکی ڕەواندز شاریان بەجێ هێشت و ڕویان کردە گەلی مێگر و خەلیفان و گوندەکانی دۆلی ئاکۆیان و ناوچە ئازادکراوەکان، چونکە دەیانزانی ڕژێمی بەعس ئەوها بە ئاسانی لەم شکستە گەورەیە خۆش نابێت

زیانەکانی ڕژێمی بەعسی روخاو

زیاتر لە 70 سەربازو جەیشی شەعبی کوژران و کە پلەی نەقیب و ئامیر لیوا و ئەفسەرو نائب زابت و ڕەفیق حزبی تیدابوو ، بەدیلگرتنی ژمارەیەك جەیشی شەعبی و دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەك ڕەبیەو مۆڵگەو دام و دەزگا...کانی بەعس لە ڕەواندزو دەورو بەری دەست بەسەرداگرتنی سێ زریپۆش و هینۆیەك و چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی وژمارەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی کە لە نێویاندا هاوەن و دۆشکەو ئارپیجی و لەگەڵ دابوون . ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە رادیۆ بەناوبانگەکانی ئەوسا ی دونیا وەکو مۆنتیکارلۆ و لەندەن وئێران باسکرا لە گەڵ ئیزگەو رادیۆکانی شۆڕش کە باس لە گەورەیی و سەرکەوتنە بێوێنەکەی ڕاپەڕینی شاری ڕەواندز کرد.

شەهید و بریندارەکانی ڕاپەرین

سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە کۆمەڵیك شەهید و بریندارى لێ کەوتەوە . لەوانە مام ئەحمد زینەدین مەداڵیای یەکەم شەهیدی ڕاپەرینی بەرکەوت .لە نزیك ڕەبیەی (گرشەمك) یش هاوڵاتی (محەمەد حوسێن فریاد ئاکۆیی) لەلایەن بەعسیەکان بریندار دەکرێت و دواتر رۆژی پاشتر لە (گەرەنار) گیانی لە دەست دەدات. مام قادر سەرانەیی پیرەمێردێکی 70 ساڵی بوو کەوتە خەرەند ، هەروەها (ئازاد عەزیز شاکر و جوان عیسا خدر و محەمەد سەبری حاجی کوردە) شەهید دەبن. هەندێك هاوڵاتیش بریندار بوون لەوانە (سابیر ماویلی و عومەر خدر و مام حوسێن سەرانەیی و ماموستا ئەسعد وزرار جوتیار...هتد.)

هەروەها لە نێو پێشمەرکەش شەهید و بریندار هەبوون ، کە لەکاتی بۆردومانی فرۆکەو شەڕدا بەرکەوتبوون.

دوای ساڵێك بەعس بە دوای تۆڵە دەگەرێت.

لە دوای ڕاپەرینەکە ، بەعسیەکان ساڵێك زیاتر بوو نەدەوێران لە ڕەواندز بە ئازادی هەڵسوکەوت بکەن و بەترس و لەرزەو ڕوویان دەکردەوە شار، بەڵام بەعسیەکان وەك پیشەی هەمیشەیان بەئاگر و ئاسن و رق و کینە کەوتنە خۆ ئەوبوو لە ١ی ٦ی١٩٨٨ بە هێزێکی زۆری سەربازی و بە پاڵپشتی تانك و زریپۆشەوە شاری ڕەواندزیان گەمارودا و کەوتنە گەڕان و پشکنینی ماڵەکان و گرتن و ئازاردانی ئەو کەسانەی لە راپەرینەکە رۆڵیان هەبووە.

بەعس 13 ڕۆڵەی ڕەواندزی بێ سەرو شوێن کرد.

دوای گرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ڕەواندز کە ژمارەیان لە ١٠٠ کەس تێپەری دەکرد ، دوای زیندانی کردن و ئازاردانیان ، ژمارەیەکیان ئازاد کردن و 13 ڕۆلەی کورد پەروەری ئەم شارەیان ئەنفالکرد و ئەمانەش ناوەکانیانە(مەلاخدری وەرتی .حەسەن عەلی گاور . وریا سعید رەزاق .عبدوللە خدر جۆڵا .رێبوار حەسەن .رەزاق خدر مام شێخ . شێرزاد جبار مام شێخ .ئەمین ناوخۆش .فازیل وەستا شافی .اسماعیل سەدرەدین .عیسا محەمەد عەلی .سەلیم ئەسعد فەقیانی . سەردار تەها خەباز.

دوای چەند ساڵێك لە لایەن دەستەی داکۆکی کردن لە ئەنفاڵکراوەکانی ڕەواندز کە دەستێکی خۆبەخش بوو توانیان دوای گەڕان و پشکنینی زۆر سوراخی ئەم شەهیدانە بدۆزنەوە کە بە پێی بەڵگەنامەو دۆکۆمینتەکان لەسێدارە درابوون و ئێستاش گۆرە پیرۆزەکەیان لە گۆرستانی کارگەی قیری هەولێرە.

21 کەس فەرمانی سێدارەیان بۆ دەرچوو.

رژێمی بەعس لە دادگای شۆرش (محکمە الُثورە) بە نەهاتووی (غیاب) ی فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەر 21 هاوڵاتی ئەم شارە سەپاند ئەوانەی لە ڕاپەرین ڕۆلیان هەبووەو زەبری کاریگەریان لە بەعس وەشاندبوو، لە نێو ئەو کەسانە ماڵ هەبوو دوو سێ کەسیان لە گەڵ دابوو ، بەڵام ئەم بڕیارە جێبەجێنەکرا و ژمارەیەکیش لەمانە خۆیان نەدا دەست و چونە باوەشی ناوچە ئازادکراوەکان .

بەعس خانووەکانی ڕوخاند

بەعسیەکان بە گرتن و ئازاردان و سێدارەدان نەوەستا ئەمجارەیان لە پیلانێکی تری چەپەڵیان دەستی کرد بە ڕوخاندنی ئەو خانوانەی کە خاوەنەکانیان بەشداری ڕاپەرینیان کردبوو یاخود سەریان بۆ بەعس نەوی نەکرد و چوو بونە ناو هێزی پێشمەرگە زیاتر لە ٣٠ خانووی وێرانکردن و هەندێکیان بە شۆفەڵ تەخت کرد و هەندێك خانووی تریشی لە گەڵ TNT تەقاندەوەو کردیە خۆڵەمێش و ژمارێك ماڵی هاوڵاتیانیشی بە تاڵان برد.بەعسی فاشی.

عەبدولقادر دەروێش

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

یادێک بۆ شەهیدی فەرماندە دلێری جاف...

کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدی فەرماندە قادر حەمە ساڵح، ناسراوە بە (دلێر جاف)نەبەزو جوامێرو بەسام کورد پەروەرێکی تاشەهید بوون بەهیمەت و بەهەڵمەت دژ بەنەیارانی گەل و نیشتیمان.

ئەمر لەساڵی 1952 لەگوندی قڵا تۆبزان ناوچەی گەرمیان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتای تەواو کردوە، لە ساڵی 1968 بۆ یەکەم جار لە شۆڕشی ئەیلول بوەتە پێشمەرگە لەبەر لێهاتویی ئەمر بوەتە سەرپەل لە پاش نسکۆو کەوتنی شۆڕشی کورد ئاوارەی ئێران بوەو تەسلیم نەبوەتەوە بەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ 1976 تەنها لەدوای چوار مانگ دەگاتەوە ناوچەی شارەزوور پەیوەندی بەمەفرەزە سەرەتایەکانی شۆڕشی نوێی دەکات

هەرئەوکاتە دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە لە ناوچەی هەورامان و لە 1979 دەبێتە فەرماندەی کەرت لەسنوری هەرێمی یەکی هەورامان.

بەشداری کۆنفرانسی (یەک و دوو)ی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کردوە، دواتر بە پلەی کادری پێشکەوتوە جێگری فەرماندەی تیپ بووە، لەتیپی 15ی شارەزوور دواتر بەهەمان پلە لەتیپی 53ی شێروانە بوەتە جێگری تیپ.

دواتر کراوە بەفەرماندەی تیپی هەورامان 1987 کراوەتە فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک

لەماوەی 11ساڵی پێشمەرگایەتی دا 9 جار بەسەختی بریندار بووە.

ئەمر دلێر جاف ناوێکی ناسراوی ناوهێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە بە زیرەکی و لێهاتوی و بوێری ناسراو بووە، پیاوێکی خاوەن توانایەکی گەورەی سەربازی و پێشمەرگایەتی بووە، بەشداری چەندین شەڕی ناوچەکەی کردوە لە گەرمیان و شارەزور و سلێمانی و ناوچەکانی کوردستان

بەداخەوە لەشەوی 26/لەسەر 27 /5/ 1987 لە گڵەزەردە لەگوندی گۆپتەپە لە کاتی هێرش بردنەسەر چەند فەوجێک و مقەڕ سریە و کۆمەڵێک ڕەبایە عەسکەری ڕژێم شەهید بوەو ڕۆحی پاکی گەیشتوەتە کاروانی نەبڕاوەی شەهیدەکانی کوردو یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان.

ئەم فەرماندە و قارەمانە هەڵکەوتوە زۆر خۆشەویستی سەرۆک (مام جەلال)ی ڕابەری بوە وەک چۆن لەنێو خەڵکیشدا ڕێزو پێگەیەکی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی هەبووە

لەم یادە مەزنەدا سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە کاکە دلێر جاف و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کوردستان.

یادەوەری پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.










# نەجمەدین مەلا




پەیکەری نەجمەدین مەلا لە باخی گشتی شاری سلێمانی

پاش جێگیربوونی ئەم بنەماڵەیە لە سلێمانی، ساڵی 1898 کە ڕێکەوتی ساڵی ڕشانەوەکە بووە، ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی بووەتە هۆی مردنی زیاتر لە هەزارەها خەڵکی هەژار و ڕەشوڕووتی ئەم ناوچەیە، سەرەڕای دەربەدەرکردنی دانیشتووان بەرەو دێهاتەکان، هەر ئەمەش مەلا غەفوری ناچارکردووە کە خۆی و خێزانی ڕووبکەنە دێی (ڕەشەکانی). خوێندنی ئەو سەردەمەی لە حوجرە تەواو کردووە و پاشان قوتابخانەی (ئەعدادییەی مەلەکی) تەواو کردووە.

ژیانێکی زەحمەت و پڕئەشکەنجەی بردۆتەسەر، ماوەیەک لە ڕانیە بە مووچەخۆری ئەمێنێتەوە و پاشان لەپێناوی پەیداکردنی بژێویدا لە شاری حەڵەب ماوەیەک ماوەتەوە


دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی و خوێندنگای تایبەتی کردۆتەوە بۆ فێرکردنی خوێندەواری. هەر لەم حوجرەیەشدا کە ناوی نابوو (کەشتی نوح) کتێبخانەیەکیشی دامەزراند بوو، کتێب و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی تیا ئەفرۆشت. لەم حوجرەیەوە نەجمەدین مەلا نزیکەی حەوت هەزار کەسی لە نەخوێندەواری ڕزگار کرد و ژمارەیەکی تریشی فێری زمانی فارسی کردووە.


مامۆستا نەجمەدین مەلا هاوکارێکی هەمیشەیی ڕۆژنامەی (ژین) بوو، لەرێی ئەو ڕۆژنامەیەوە ژیاننامەی زوربەری شاعیر و پیاوە گەورەکانی لە فەوتان ڕزگارکرد و نزیکەی (90) چیرۆکیشی بڵاوکردەوە کە زوربەیان چیرۆکی فۆلکلۆرین.


جگە لەمانە، بە دەستوخەتی خۆی دیوان و بەرهەمەکانی گەلێ شاعیری پاراستووە لەوانە دیوانەکانی حەمدی، مەولەوی، سالم، نالی و کوردی. نەجمەدین مەلا، گەلێ کەشکۆڵ و دەستنووسی دانسقەی لە پاش بەجێماوە کە ئێستا بوونەتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە بواری ئەدەب و مێژووی کورددا.

ڕێکەوتی 23-04-1 نەجمەدین مەلا لەدایکبووە62 هەر لە حوجرەکەی خۆیدا و بەبێ کەسی کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی و پاش تێپەڕ بوونی چەند ساڵێک تەرمەکەی لە چیای ئەزمڕ بەخاک سپێردرایەوە.

کوردپیدیا



# کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا گەنجینەیەکی پڕ لە مرواری

د. ئاراس محەمەد ساڵح


سایتی نوێ

کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا، یان: یادی شەوێکی بەکرەجۆ، شاکارێکی مامۆستا نەجمەدین مەلایە، ساڵی 1954 نووسیویەتی، ئەم بەرهەمە بە پێزە ساڵانێکی زۆرە بەشێک لە توێژەران و نووسەران وەک سەرچاوە بەکاریانهێناوە و لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژەیان پێکردووە، بەڵام لە کتێبخانەکاندا نەبووە، ئەم گەنجینەیە هەتا ساڵی 2022 چاپ نەکراوە و بە دەستنووسی ماوەتەوە و لای مامۆستا بەیاد عەبدولقادر پارێزراوە، نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا لە ڕێگەی مامۆستا بەیادەوە دەستنووسەکەی دەستکەوتووە و سەرپەرشتی چاپکردنی کردووە، مامۆستا عوسمان هەورامی پێیداچووەتەوە، لە قەبارەی 1010 لاپەڕەدا بە دیزاین و ئاستێکی هونەری بەرز لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە.

لەگەڵ ناردنی درود بۆ گیانی مامۆستایان نەجمەدین مەلا کە هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردن بە بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا، درود دەنێرین بۆ گیانی مامۆستایان بەیاد عەبدولقادرو عوسمان هەورامی، هەروەها دەستخۆشی زۆرمان بۆ نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا هەیە، کە ئەم کتێبە بەنرخەی ئامادە کردووە و لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپیکردووە، هەرچەندە دەبوو ئەم کتێبە زووتر چاپبکرایە و کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکردایەتەوە، بەڵام ئێستاش درەنگ نیە، هەوڵ و ماندووبوونی ئەم دڵسۆزانە جێگەی ستایش و نرخاندنی زۆرە.

ئەم بەرهەمە ناوازەیە ماندووبوونی زۆری پێوە دیارە، لە رووی هونەری چاپەوە لە ئاستێکی زۆرباشدایە، هەروەها هەڵەچنی کراوە و پێداچوونەوە و دارشتنی بۆ کراوە، لەگەڵ کتێبەکەدا جارێکی تر دەستنووسەکە چاپکراوەتەوە، لەگەڵ وێنەی چەند دەستنووسێکی تری نەجمەدین مەلادا، ئەمەش بەهای زانستی و مێژوویی خۆی هەیە بۆ توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی کوردی.

لە دووتوێی ئەم کەشکۆڵەدا کورتەیەک لە ژیانی پەنجاوحەوت شاعیر تۆمارکراوە، لەگەڵ نموونەی شیعرەکانیان، ئەوەی جێگەی بایەخە لەم شاعیرانە، بیست شاعیریان هاوسەردەمی نەجمەدین مەلا بوون و زانیارییەکانی لە دەمی خۆیانەوە وەرگرتووە، ئەمەش گرنگی زۆری لە رووی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەیە، چونکە ژیانی زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی کورد لە ڕێگەی خەملاندن و گێڕانەوەی دەماودەمەوە وەرگیراوە، ئەمەیش وایکردووە هەڵە و شتی نارِاستی تێبکەوێت.

### هەرچەندە نووسەر ئەوانەی نەبینیوە

لەو شاعیرانەی باسی کردوون پانزدە شاعیریان نزیکی سەردەمی نەجمەدین مەلا بوون، هەرچەندە نووسەر ئەوانەی نەبینیوە، بەڵام کەسانێکی تری نزیکی ئەو شاعیرانەی بینیوە و زانیاری لەسەر ژیان و بەرهەمە شیعری و ئەدەبییەکانی لێوەرگرتوون، لە هەمان کاتدا بیست و دوو شاعیریان پێش سەردەمی نەجمەدین مەلا بوون، لە ڕێگەی دەستنووس و کەسانی دەوروبەریانەوە زانیاری لەبارەیانەوە نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانیارییەکانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە، بۆ نموونە لە باسی مەولانا خالید و پیر مکائیلی شەش پەنجەدا، پیرمکائیلی دەودانی هێناوە بۆ دوو کیلۆمەتر لە رۆژئاوای سلێمانی، ئەم زانیارییە لە جێگەی خۆیدا نییە و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە.

هەرچەندە زانیارییەکانی کورتن، بەڵام بە چڕوپڕی شتی بە نرخی لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانیانەوە تۆمارکردووە، بەشێکی ئەو شیعرانە ڕاستەخۆ لە شاعیرەکان وەرگیراون، یان لە کەسێک وەرگیراون کە ئەو شاعیرانەی بینیوە، ئەم شێوازە لە نووسین گرنگی و بایەخی زیاتری هەیە و جێگەی گومان نییە.

نەجمەدین مەلا بۆ شاعیرەکانی پێش خۆی دەستنووس و بەیاز و سیپارە و کەشکۆڵی دەستکەوتووە، توانیویەتی بە پشبەستن بەو سەرچاوانە بەشێک لە ژیان و نموونەی شیعری ئەو شاعیرانە لەناو کەشکۆڵەکەیدا تۆمار بکات، ئەمەش خاڵێکی بەهێزی نووسینەکەیەتی و وەک سەرچاوەی ڕەسەن سوودی لێوەردەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شاعیرەکانی پێش سەردەمی خۆی لە هەندێ جێگەدا پشتی بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و زانیاری پشتڕاستکراوە نەبەستووە، یان لەو ڕۆژگارەدا سەرچاوەی پێویستی دەستنەکەوتووە.

### کاتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە

نووسەر توانیویەتی سوود لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارە و ئەوانەی پێش خۆی دەرچوون وەربگرێت، لە بەشێک لەو سەرچاوانەدا بەرهەمی شاعیرانی کلاسیک بڵاوکراوەتەوە، هەروەها خودی شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە هاوسەردەمی نووسەر بوون، یەکێکی ترە لە سەرچاوەی ڕەسەنی نەجمەدین مەلا، بۆ نووسینەوەی کەشکۆڵەکەی ڕاستەوخۆ زانیاری لێوەرگرتوون و بەرهەمەکانی تۆمارکردوون.

ئەم کەشکۆڵە لە باسی ژیان و نموونەی بەرهەمی شاعیراندا گرنگی زۆری هەیە، خاڵێکی تری گرنگی ئەم کەشکۆڵە ئەوەیە باسی پەیوەندی نێوان شاعیران و نووسەرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی کردووە، ئەو قۆناغەش کاتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە و سەرەتای گەشانەوەی بزاڤی ئەدەبی و زمانەوانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە، هەربۆیە ئەو جوڵانەوە ئەدەبییەی ئەو قۆناغە هەستیارە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی فرە ڕەهەند هەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کاتی گواستنەوەی نموونەی شیعری ئەو شاعیرانەی باسی کردوون، زیاتر نموونەی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی نووسیوە، یان ئەو شیعرانەی باسی کێشەکانی کۆمەڵیان کردووە، بۆ شاعیرانی سەردەمی نوێش جگە لە شیعری نیشتمانی، نموونەی ئەو شیعرانەی نووسیوە کە هانی خەڵکی دەدەن بۆ خوێندن و خوێندەواری و دژایەتی نەزانی و دواکەوتوویان کردووە، بەم هەنگاوەشی ویستوویەتی بە تیرێک دوو نیشان بشکێنی.

### سەرچاوەیەکی گرنگە

ئەو شاعیرانەی لەم کەشکۆڵەدا باسی ژیان و شیعریان کراوە، هەندێکیان زۆر ناسراون و دیوانی شیعری چاپ کراویان هەیە، وەک مەولانا خالید و حەریق و زێوەرو ڕەنجوری و...هتد، هەندێکیان ناویان هەیە وەک شاعیر، بەڵام ژیان و شیعریان بەردەست نیە، وەک حیکمەت و ئەمیر و خەستە و...هتد، هەندێکیان وەک شاعیر نەناسراون، نە شیعر و نە دیوانیان نەبینراوە، وەک: مەلا ئەحمەدی چاوەماری دێلێژە، حاجی قادری مکایەلی، جەمال عیرفان، ئەحمەد سەردار، لەم کەشکۆڵەدا باسی ژیان و نموونەی شیعریان بڵاوکراوەتەوە، ئەم کەشکۆڵە لەم ڕووەوە سەرچاوەیەکی گرنگە و دەکرێت لە داهاتوودا هەوڵی دۆزینەوەی ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرانە بدرێت و بەرهەمەکانیان لە لەناوچوون ڕزگار بکرێت.

ئەوەی پێویست لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم گەنجینە بەنرخەی نەجمەدین مەلا، هەنگاوێکی زۆر باشە و جێگەی دەستخۆشی نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا و هاوکارەکانیەتی، بەم هەوڵەیان سەرچاوەیەکی ڕەسەنی زمان و ئەدەبی کوردیان خستە سەر خەرمانی نەجمەدین مەلا و کتێبخانەی کوردیان پێ ئاوەدانکردەوە، بەو هیوایەی ئەمە دواکاریان نەبێت لەم بوارەدا.

نەجمەدین مەلا یەکێکە لەو بەهرەمەندە گەورانەی خزمەتی زۆری بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری کردووە، بڕوای وابوو خوێندەواری تەنها ڕێگای ڕزگاری میللەتەکەیەتی و نیشتمانەکەی تەنها لە ڕێگەی زانست و خوێندەوارییەوە پێش دەکەوێت، لەو پێناوەشدا هەموو ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی و کەشتی نوحی کردووەتە فریادڕەس بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەکەی لە لافاوی نەزانی و دواکەوتوویی.

### خەڵکی فێری خوێندەواری کردووە

ئەم مامۆستا دڵسۆزە لەگەڵ ئەوەدا خوێندنگەی کەشتی نوحی لەسەر ئەرکی خۆی کردووەتەوە و بەردەوام خەڵکی فێری خوێندەواری کردووە، لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرێکی بە توانای سەردەمی خۆی بووە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا چیرۆک و شیعر و وتار و گەلێک بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بڵاوکردۆتەوە.

لە ناو خوێندنگەی کەشتی نوحدا کتێبخانەیەکی کردۆتەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی کە ژیانێکی کولەمەرگی هەبووە، کتێب و ڕۆژنامە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا فرۆشتوە، بەم کارەشی هەم بژێوی خۆی دابینکردووە، لەهەمان کاتدا خزمەتی بە خوێنەرانیش کردووە.

ئەم مامۆستا دڵسۆزە لە خوێندنگەکەیدا نزیکەی حەوت هەزار کەسی فێری خوێندەواری کردووە، بەردەوام خولی زمانی فارسی کردوەتەوە و ژمارەیەک خەڵکی فێری زمانی فارسی کردووە، کەشتی نوح لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە خزمەتی توێژی بازاڕ و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووساندا.

یادی شەوێکی بەکرەجۆ، یان کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا، یەکێکە لە شاکارەکانی ئەم نووسەرە، ئەم گەنجینەیە سەرچاوەیەکی زۆر بە پێزە بۆ توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی و بزاڤی ڕۆشنبیری، دەستخۆشی زۆرمان بۆ نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا و هەموو ئەو خەمخۆرانەی لە پێناو چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە ناوازەیەدا ماندووبوون و هەوڵی زۆریانداوە هەتا بە جوانترین شێوە و بێ هەڵەوپەڵە چاپ و بڵاوبێتەوە.

# بۆ مێژوو

لەساڵی 1988 یەکەمین کورد کە توانیویەتی بگاتە سەر شاخی هێمالایا و ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە لەوێ د. تەها ناسراو بە دکتۆر نەبەز کوڕی کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی خوالێخۆشبوو مامۆستا غەفووری مەلا عەلی مەڵکەندی ،

دکتۆر تەها ساڵی 1952 لە گەڕەکی مەڵکەندی لەدایک بووە، دەرچووی زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانست بەشی بایۆلۆجی ، ساڵی 1977 کۆچ و سەفەری کرد بۆ وڵاتی بریتانیا لەوێ ماستەر و دکتۆرای بەدەست هێنا ،

ساڵی 1979 بووە ئەندامی یانەیەکی شاخەوانی لە گلاسکۆ بە ناوی

Lomond Mountaineering Club,

ساڵی 1988 لەگەڵ چەند ئەندامێکی یانەکەی چووە سەر شاخی هێمالایا و ئاڵای کوردستانی لەوی بەرز کردەوە،

ساڵی 1993 لە ڕووداوێکی تەمومژاوی لە شاخی Ben Nevis لە شاری سکۆتلەندا ئەکەوێتە خوارەوە و گیانی سپارد،

دروود بۆ گیانی پاکی.

د،تەها غەفورر مەلا عەلی مەڵکەندی ، ناوی نهێنی و سیاسی نەبەز بووە ناسراوە بە د، نەبەز

وێنە و زانیاری :محمدی شێخ تایەری نقیب

**ئامادە کردن :ئامانجی مامۆستا عومەر**











YADNAMA یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری

گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی

(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،

یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.

سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح

(سەرکەوتی جیهاز)

دەستەی نوسەران

ڕەووف محەمەد ئالانی

بەختیار شارەزوری

https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان






sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703

Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018

sharazwri@gmail.com
009647701961087